یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
PATRIOTOC UNION OF KURDISTAN
مەکتەبی گەشەپێدانی بیر و هۆشیاری

# چین و ئەمریکا
# ئایندەی ململانێکان

## مەکتەبی گەشەپێدانی بیر و هۆشیاری

ئۆرگانێکی روناکبیری و پەروەردەیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە، لەسەر بنەمای سۆشیال ـ دیموکرات و لە پێناوی پەرە و گەشەپێدانی بەهاکانی (ئاشتی، دیموکراسی، مافی مرۆڤ، مافی چارەیخۆنووسین) زەمینەی دیالۆگ، گەشەپێدانی هزری و هۆشیاریی سیاسیی دەرەخسێنێت.

لە رێگای ئەکادیمیای پێگەیاندنی کادیران، چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب، نامیلکە، گۆڤار، کۆڕ و سیمیناری تایبەتمەند و دروستکردنی بەڵگەفیلم ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ دەکات، هەروەها گرنگی بە ئەرشیفکردنی مێژووی (شۆڕشی نوێ و یەکێتی) بە تایبەت و بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان و دیموکراسی عیراقی ـ بەگشتی دەدات.

# چین و ئەمریکا
# ئایندەی ململانێکان

بەشی روناکبیری

ئامادەکردن : رێکەوت ئیسماعیل

-ناوی نامیلکە: چین و ئەمریکا - ئایندەی ململانێکان
- ئامادەکردنی: ڕێکەوت ئیسماعیل
- بەڕێوەبەری زنجیرە: ڕێکەوت ئیسماعیل
- دیزاین: ئەمیرە عومەر
- تیراژ: ( 1000 ) دانە
-ساڵی چاپ: 2023
- خولی دووەم: ژمارە (2)

لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی گەشەپێدانی بیر و هۆشیاری
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

www.pukhoshiari.com
info@pukhoshiari.com

# چین و ئەمریکا
# ئایندەی ململانێکان

## پێشەکی:

لەمڕۆدا پەیوەندیەکانی ئەمەریکا و چین یەکێکە لەو کەیسە گرنگانەی کە رەنگدانەوەی زۆری هەیە لەسەر هەموو هاوکێشە سیاسییەکانی جیهان. تێگەیشتن لە ململانێی نێوان چین و ئەمەریکا، تێگەشتن و شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی زۆرێک لە رووداوەکان ئاسانتر دەکات.

ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین بۆ خۆی یەکێکە لە ناوچە گەرم و ئاڵۆزەکانی دنیا، عێراق و هەرێمی کوردستانیش زۆر توندی لەژێر کاریگەری و باندۆری هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکەدان. بۆیە بەبێ تێگەیشتن لە بنەما و ستراتیژی کاری دەوڵەتی چین و پارتە کۆمۆنیستەکەی، ئەستەمە بتوانرێت وێنەیەکی راستەقینەی ناوچەکە لە زەینی خۆماندا بکێشین.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ بدەم، ئەویش بابەتی پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی کۆمۆنیستی چینە. لە مانگی نیسانی ٢٠٢٢ دەستەیەک لە کادیرەکانی

یەکێتــی لەگــەڵ پارتــی کۆمۆنیســتی چیــن لــە ڕێــگای ڤیدیــۆ کۆنفرانســەوە دوو ڕۆژ پێکــەوە، لــە ســەر ئاســتی بــاڵا بیروباوەڕیــان ئاڵوگۆڕکــرد. دواتــر و لــە مانگــی مارتــی ٢٠٢٣ بەهەمــان شــێوە یەکێتیــی نیشــتمانی کوردســتان ئەنــدام بــوو لــەو کۆنگــرە نێونەتەوەییــەی کــە پارتــی کۆمۆنیســتی چیــن بــۆ ســەدان پارتــی نــاوداری دنیــا ســازی دابــوو. لــەو کۆنگرەیــەدا کــە بــە شــێوەی ڤیدیــۆ کۆنفرانــس ئەنجامــدرا، جگــە لــە خــودی ســەرۆک شــی جینگپینــگ ئەندامانــی بــاڵای پارتــی کۆمۆنیســتی چینیــش بەشــدار بــوون. لــەم سۆنگەیەوە بــە پێویســتمان زانــی کــە هەڵســەنگاندنێکی گشــتی بــۆ چیــن و پارتــی کۆمۆنیســتی چیــن بکەیــن. ئاشــکرایە باســکردنی پەیوەندییەکانــی نێــوان ئەمەریــکا و چیــن لــە نامیلکەیەکــدا تــەواو ناکرێــت، چونکــە ســەرە داوەکانــی ئــەو پەیوەنــدی و ململانێیــە قــوڵ و فــرە ڕەهەنــدن، بۆیــە ئێمــە هەوڵمانــداوە تەنهــا بــە پوخــت و چــڕی هێڵــە گشــتییەکانی ئــەو دۆســێیە بخەینــەڕوو، بەڵکــو بتوانیــن بــەم کارەمــان دەرگایەکــی فراوانی ئــەم بابەتــە ئاڵــۆز و پێچیدەیــە بکەینــەوە و ئەرکــی چوونــە ژورەوە و تەیکردنــی بــۆ کادێــری هۆشــیار و چەلەنگــی یەکێتــی بەجێبهێڵیــن..

**بەهیوای سەرکەوتن.**

# بەشی یەکەم

## سروشتی ململانێی نێوان ئەمەریکا و چین

لـــە دوای هەڵوەشـــاندنەوەی بلۆکـــی ڕۆژهـــەڵات، وردە وردە چیـــن وەکـــو جەمســـەرێکی بەهێـــزی سیاســـی و ئابـــوری و ئایدیۆلـــۆژی بەرامبـــەر بـــە ئەمەریـــکا وەســـتایەوە. پانتایـــی چیـــن ٩.٦ ملیـــۆن کـــم² دەبێـــت کـــە ١.٣ملیـــار دانیشـــتوان و ٥٦ نەتـــەوەی جیـــاواز لـــە خـــۆ دەگرێـــت. دووەم ئابـــوری گـــەورەی جیهانـــە، یەکـــەم گەورەتریـــن وڵاتـــی پیشەســـازی دنیایـــە، هەروەهـــا گەورەتریـــن وڵاتیشـــە لـــە یەدەگـــی دراوی قورســـدا و بـــە ڕێـــژەی ٣٠٪ بەشـــدارە لـــە پەرەپێدانـــی ئابوریـــی جیهـــان. لەمـــڕۆدا چیـــن زۆر بـــە خێراییـــی گەشـــە دەکات، بەهەمـــان خێراییـــش پەیوەندییـــە نێـــو دەوڵەتییەکانـــی ئاڵۆزتـــر دەبـــن.

لـــە ســـەروبەندی جەنگـــی ســـارددا ئەمەریـــکا ســـەرقاڵی یەکێتیـــی ســـۆڤیەت بـــوو. هەرچەنـــدە لـــە چینیـــش پارتـــی کۆمۆنیســـت لەســـەر دەســـەڵات بـــوو، بـــەڵام هـــەژاری و لاوازیـــی چیـــن وایکردبـــوو کـــە بـــۆ ئەمەریـــکا پرســـێکی گرنـــگ نەبێـــت. چیـــن زیرەکانـــە ســـەرقاڵبوونی هـــەردوو لای ئـــەو

جەنگـەی بـۆ خـۆی دەقۆسـتەوە. هەرچەنـدە بـە ئاشـکرا دژی ئەمەریـکا و جیهانـی سـەرمایەداری بـوو، بـەڵام لەگـەڵ یەکێتیـی سـۆڤێتیش دانـوی نەدەکـولا و ئـەو وڵاتـەی بـە لادەر لـە کۆمۆنیـزم نـاو دەبـرد. مـاو تسـیتونگ لـەم بـارەوە خاوەنـی تێـزی سـێ جیهـان بـوو، یەکێتیـی سـۆڤێتی وەک سۆشـیال ئیمپریالیسـت پێنـاس دەکـرد کـە بـۆ لەنـاو بردنـی ئـەو بەربەسـتە هاوپەیمانـی بەسـتنی لەگـەڵ جیهانـی سـەرمایەداریدا (جیهانـی یەکـەم) بـە تاکتیکێکـی سـەرکەوتوو دەزانـی. بەمجـۆرە لـە دوای کۆنگـرەی بیسـتەمی پارتـی کۆمۆنیسـتی سـۆڤێت جیـاوازی بیـروڕا سـەریهەڵدا و دواتـر ئـەم جیاوازییانـە لـە سـاڵی ١٩٦١دا بـوون بـە لێکتـرازان و دابڕانـی تەواوەتـی.

لـە دوای مەرگـی مـاو تسـیتونگ و بـە دیاریکراویـش لـە دوای سـاڵی ١٩٧٨ پرۆسـەی کرانـەوە دەسـتیپێکرد، چیـن بـە خێرایـی پێشـکەوت و هەنـگاوی زۆر گرنگـی بـڕی لـە گەشـەپێدانی ئابوریـدا. لـە کاتێکـدا یەکێتیـی سـۆڤیەت بـەرەو پوکانـەوە و لەتوپـەت بـوون هەنـگاوی دەنـا، چیـن بـە خێرایـی رەشـەبا پێشـدەکەوت و بەهێـز دەبـوو. کاتێـک ئەمەریـکا سـەرقاڵی خواردنـەوەی شـەرابی سـەرکەوتن بـوو بەسـەر سـۆڤێتدا و هێشـتا بـە مەسـتی ئاهەنگـی دەگێـڕا، هێنـدەی زانـی وڵاتێکـی تـری کۆمۆنیسـتی بـۆ قـوت بـۆوە.

ئیتــر دەبــوو ئەمەریــکا لــە گۆشــەیەکی دیکــەی زەوی و لــە جوگرافیایەکــی جیــاوازەوە خــۆی ئامــادە بــکات بــۆ ململانێیەکــی نــوێ لەگــەڵ ئەســتێرەیەکی ســوری پێنــج گۆشــەی نوێــدا..

پەیوەندییەکانــی ئەمەریــکا و چیــن بــەردەوام لــە هەڵکشــان و داکشــاندایە، لــەم یــەک دوو ســاڵەی دووایــدا ســێ روداوی گرنــگ تۆخبوونــەوەی ململانێکانیــان زیاتــر نمایــش دەکــرد:

## یەکەم - سەرهەڵدانی پەتای کرۆنا:

بڵاوبوونــەوەی پەتــای کرۆنــا لــە کۆتایــی ســاڵی ۲۰۱۹دا و تەشــەنە ســەندنی لــە وڵاتــی چینــەوە و بــڵاو بوونــەوەی بــە هەمــوو دنیــادا، روداوێکــی جیهانــی بــوو. ســەرەتا ئەمەریــکا چینــی بەشــاردنەوەی زانیــاری لەســەر پەتاکــە تۆمەتبارکــرد. لــە هەنــدێ کەناڵــی رەســمی و ناڕەسمیشــەوە وەک دەســتێکی ئانقەســتی چیــن باســی دەکــرد. ســەرۆکی ئــەو دەمــەی ئەمەریــکا (دۆناڵــد ترەمــپ) و وەزیــری دەرەوەشــی مایــک پۆمپییــۆ چەندیــن جــار رەگەزپەرســتانە رەفتاریــان نوانــد و ڤایرۆســەکەیان بــە (ڤایرۆســی چینــی) نــاو بــرد و لــە ناوخــۆی ئەمەریــکاش رەفتــاری نەشــیاو تــا رادەی توندوتیژی جەســتەیی ئاراســتەی چینیــەکان دەکــرا. چیــن بەهەمــان

شـێوەی ئەمەریـکا، لــە کەناڵــە فەرمییەکانــی خۆیــەوە لەسـەر زاری وتەبێـژی وەزارەتـی دەرەوەی چیـن، رایگەیانـد کــە ئەمەریــکا لــە پشــت بڵاوبوونــەوەی ڤایرۆســەکەیە و سـوپای ئەمەریـکا بـە ئانقەسـت لـە ووهـان ئـەم ڤایرۆسـەی بڵاوکردۆتـەوە، وێـرای ئـەوەش لـە ناوەڕاستی مانگـی مارسـدا ١٣ رۆژنامەنوسـی ئەمەریـکای لـە وڵاتەکـەی دەرکـرد. رۆژی ٢١ی مانگـی تەمـوزی ٢٠٢٠یـش، لـە پەرەسـەندنێکی نوێـدا، ئەمەریـکا تیمـی کونسـلگەری چینـی لـە هیوسـتنی سـەربە ویلایەتـی تەکساس دەرکـرد. ئـەم کونسـلگەریە یەکێکـە لـەو پێنـج کونسـلگەریەی چیـن لـە ئەمەریـکا کـە تۆمەتبارکـرا بــە جاسوســی و کاریگــەری سیاســی بــۆ ســەر ئەمەریــکا، وێـرای دزینـی توێژینـەوە زانسـتی و داهێنانەکانـی ئەمەریـکا. چینیــش لەلایــەن خۆیــەوە، دوای ئــەوە کونســلگەری ئەمەریــکای لــە ووهــان دەرکــرد. دواتــر لــە ســەردەمی بەڕێوەبەرایەتـی جـۆ بایـدن، ئـەم پەیوەندییانـە تـا ڕادەیەکـی بــاش هێــور کرانــەوە.

## دووەم - جەنگی روسیا و ئۆکرانیا:

رۆژی ٢٤ی فێبریــوەی ٢٠٢٢ ســوپای روســیا هێرشــی کــردە ســەر ئۆکرانیــا و جەنــگ بەرپــا بــوو. ئــەم جەنگــە تــا ڕادەیەکــی زۆر جیهانــی دابــەش کــرد بەســەر دوو گروپــی (دژ

و لەگـەڵ). ئەمەریـکا لـەو باوەڕەدایـە چیـن لـەم جەنگـەدا بـێ لایـەن نیـە بۆیـە پێـی وایـە پشـتیوانیکردنی پەکیـن لـە جەنگـی روسـیا لـە دژی ئۆکرانیـا دەبێـت وەک زەنگێکـی مەترسـی بێـت بـۆ هەمـوو ئەوانـەی کـە جوگرافیـای هـەردوو زەریـای پاسـفیک و هنـدی بـە نیشـتمانی خۆیـان دەزانـن.

## سێیەم - خستنە خوارەوەی باڵۆنەکەی چین:

رۆژی شـەمەی رێکەوتـی ٤ی شـوباتی ٢٠٢٣ بـە فەرمانـی سـەرۆک بایـدن ئەمەریـکا بە فڕۆکـەی ئێف – ٢٢ ئـەو باڵۆنەی چینـی خسـتە خـوارەوە کـە گوایـا بـە هەڵـە گەیشـتۆتە سـەر ئاسـمانی ئەمەریـکا. ئـەم باڵۆنـە کـە بۆیەکـەم جـار لـە رۆژی ٢ی کانونـی دووەم بینرابـوو بـە گوێـرەی لێکدانـەوەی چیـن، بەهـۆی تونـدی رەشـەباوە لـە رێـڕەوی خـۆی لایـداوە و لـە کۆنتـرۆڵ دەرچـووە. چیـن زۆر نیگـەران بـوو لـەوەی کـە ئەمەریـکا ئـەم باڵۆنـەی خسـتە خـوارەوە چونکـە تەنهـا باڵۆنێکـی زانسـتی بـووە بـۆ هەڵسـەنگاندنی رەوشـی ئـاو و هـەوا، بـەڵام ئەمەریـکا وەکـو کردەوەیەکـی جاسوسـی تەماشـای دەکـرد. خسـتنە خـوارەوەی باڵۆنەکـە سـەردانی وەزیـری دەرەوەی ئەمەریـکای بـۆ ئـەو وڵاتـە هەڵوەشـاندەوە و زمانـی دبلۆماسـیەتی چینـی بەرامبـەر بـە ئەمەریـکا زبـر و هێرشـبەرانە لێکـردەوە، لـە کاتێکـدا رۆژی ١٤ی نۆڤێمبـەری

٢٠٢٢ هــەردوو ســەرۆکی ئەمەریکــی و چینــی لــە دۆرگــەی بالــی بــەر لــە دەســتپێکردنی کۆبوونــەوەی کۆمەڵــەی بیســت یەکتریــان بینــی.

ئــەوە یەکــەم جاربــوو جــۆ بایــدن، ســەرۆکی ئەمەریــکا لــەو کاتــەوەی بــووە بــە ســەرۆک کۆمــار لەگــەڵ ســەرۆکی چیــن دیــداری راســتەوخۆ بــکات. ئــەوان پێکــەوە بــە گەرمــی تەوقەیــان کــرد و دەم بەخەنــدە وەســتان بــۆ کامیــراکان. بایــدن گوتــی (ئــەو پابەنــدە بــەوەی کــە هێڵەکانــی پەیوەنــدی لــە نێــوان هــەردوو لادا بــە کراوەیــی بمێنێــت لــە هــەردوو ئاســتی کەســی و حکومــی. بــەو پێیــەی کــە هەردوولامــان ســەرکردەی دوو وڵاتیــن لــەو بــاوەڕەدام ئەرکــی هەردوکمانــە ئــەوە پیشــان بدەیــن کــە ئەمەریــکا و چیــن دەتوانــن پێکــەوە ناکۆکییەکانیــان بەڕێــوە بــەرن و رێــگا نــەدەن کێبەرکــێ بگۆڕێــت بــە ململانــێ. رێگایــەک بدۆزینــەوە بــۆ ئــەوەی پێکــەوە کار بکەیــن لــەو کێشــانەی کــە هــاوکاری هــەردوو لایــەن دەخوازێــت).

لای خۆیــەوە ســەرۆکی چیــن شــی جینگپینــگ گوتــی (مێــژوو باشــترین کتێبــی قوتابخانەیــە بۆیــە دەبێــت مێــژوو وەکــو ئاوێنــە تەماشــا بکەیــن و رێگای پــێ بدەین کــە داهاتوو ئاراســتە بــکات). وەکــو ســەرۆکی دوو وڵاتــی ســەرەکی دەبێت رێچکەیەکــی راســت دیــاری بکەیــن بــۆ پەیوەندییەکانمــان

پێویستمان بەوەیە کە پەیوەندییەکانمان بەرەو پێشەوە بەرین پیاوی دەوڵەت دەبێت بیربکاتەوە و بزانێت وڵاتەکەی بەرەو کوێ دەبات، هەروەها دەبێت بیر لەوە بکاتەوە کە چۆن لەگەڵ دنیای دەرەوەی خۆیدا پەیوەندی دەبەستێت).

پەیوەندییەکانی ئەمەریکا و چین هەمیشە لە هەڵکشان و داکشاندایە لێرەدا بە کورتی چەردەیەک لەو هەڵکشان و داکشانە دەخەینە بەردەم. بۆ ئەوەی باشتر لە خەسڵەتی ململانێکە بگەین دەبێت سیستەمی سیاسی و ئابوری هەردوو جەمسەری زلهێز تاوتوێ بکەین:

# سیستەمی سیاسیی چین

دەستوری چین ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە کۆماری گەلیی چین، دەوڵەتێکی سۆشیالیستە کە بە سیستەمی دیموکراسی گەل بەڕێوە دەبرێت. دەتوانین سیستەمی سیاسی چین (وەک ئەوەی پارتی کۆمۆنیستی چین دەسەڵاتی تێدا پیادە دەکات)، بەمجۆرەی خوارەوە وێنا بکەین:

**یەکەم-** سیستەمی ئەنجومەنی نوێنەران. پێکهاتووە لە ٢٩٨٧ کورسی لەگەڵ رەچاوکردنی باری تایبەت بۆ هەریەکە لە هۆنگ کۆنگ و ماکاو.

**دووەم-** سیستەمی فرە حزبی و راوێژکاری لەگەڵ حزبەکانی تری وڵات. جگە لە پارتی کۆمۆنیست هەشت حزبی دیکە کە هیچیان کۆمۆنیست نین بە شێوەیەکی یاسایی بوونیان هەیە.

**سێیەم-** سیستەمی خودموختاری هەرێمەکان. ئەم سیستەمە شۆڕ دەبێتە بۆ ناو هەموو یەکە کارگێڕییەکان. هەموو هەرێمەکان تا دوورترین گوند بە تەواوی ئازاد و خودموختارن و خۆیان کارو باری خۆیان بەڕێوە دەبەن، بەلام بە تەواوی لەژێر سەرپەرشتی پارتی کۆمۆنیستی

چیــن ئــەو کارە دەکــەن.

**چـوارەم-** سیســتەمی خۆســەری یاخــود خــۆ بەڕێوەبــەری خەڵــک. هەمــوو جــۆرە پۆســتێکی حکومــی بەهەڵبژاردنــە و هەڵبژاردنەکانیــش بەتــەواوی دیموکراســین، بــەڵام دیســان هەمــوو کاندیــد و کەســەکان دەبێــت دڵخــوازی پارتــی کۆمۆنیســت بــن.

بــە ســەرنجدان لــەم هێڵکارییــەی خــوارەوە شــێوەی کارکردنــی سیســتەمی سیاســی (چین)مــان بــۆ ئاشــکرا دەبێــت. پارتــی کۆمۆنیســتی چیــن لــە ســەری ســەرەوەی هەرەمــی دەســەڵاتدایە و لــە رێــگای ســەرۆکی حــزب و مەکتــەب سیاســییەکەیەوە بەســەر تــەواوی جومگەکانــی دەســەڵاتەوە دەڕوانێــت.

لــەو سیســتەمە سیاســییەدا سۆشــیالیزمی مۆدیلــی چیــن (Socialism with Chinese characteristics) پەیــڕەو دەکرێــت. ئــەم چەمکــە لــە دوای ریفۆرمەکانــی دینــگ شــیاوبینگ هاتــە ئــاراوە، کــە لــەو بــاوەڕەدا بــوو چیــن لــە رووی ئابوورییــەوە لاوازە و بــۆ بەدەســتهێنانی گەشــە ســەندنی ئابــوری دەبێــت پەیــڕەوی ئابــوری ئــازاد و بــازاڕ و وەبەرهێنانــی بیانــی بکرێــت بــۆ ئــەوەی چیــن لــە قۆناغــە ســەرەتاییەکانی سۆشــیالیزمەوە بگوێرێتــەوە بــۆ قۆناغــی راســتەقینەی سۆشــیالیزم.

# پارتی کۆمۆنیست

پارتــی کۆمۆنیســتی چیــن لــە ســاڵی ١٩٢١دامــەزراوە. لــە ســاڵی ١٩٤٩ دەســەلاتی بەدەســتەوە گــرت. بــە پێچەوانــەی پارتــە کۆمۆنیســتەکانی تــرەوە، خەســلەتی ناوخۆیــی لــە خــۆ گرتبــوو. شۆڕشــەکەی مــاو زیاتــر شۆڕشــێکی نیشــتمانی و کۆمەلایەتــی بوو. بەهێواشــی توانی سیســتەمی دەرەبەگایەتی لەنــاو بەرێــت و لــە پرۆســەیەکی درێژخایــەن و هێواشــدا بــە سەرپەرشــتی و ســەرکردایەتیی پارتــی کۆمۆنیســتی چیــن دەوڵەتێکــی بەهێــز دابمەزرێنێــت. گەشەســەندنی ئابــوری لــە چیــن بــە ســێ قۆناغــی زۆر جیــاوازدا تێپەڕیــوە. ئــەو ســێ قۆناغــەش هەریەکــە لــە مــاو تســیتۆنگ، دینــگ شــیاوبینگ و شــی جینگپینــگ نوێنەرایەتییــان کــردووە.

هەرچەنــدە قۆناغــی دەســەلاتداری مــاو لــە چیــن، بــە قۆناغــی هــەرە ئاڵــۆز و دژواری پارتــی کۆمۆنیســت هەژمــار دەکرێــت و (شۆڕشــی فەرهەنگــی) کە مــاو رایگەیانــد و زۆرێک لــە دەســەلاتدارانی خــودی حــزب و دەوڵەتــی کــردە ئامانــج و وڵات بــەرەو شــەڕی ناوخــۆ هەنــگاوی دەنــا، بــەلام دەکرێت بە قۆناغــی ســەنتراڵیزەکردنی حــزب و ســەرۆکی کاریزمــا نــاوی بەریــن، کــە لــە پاشــاندا هەنگاوەکانــی پێشــکەوتنی چیــن و

توندبوونـەوەی دەسـەڵاتی حـزب قوڵتـر دەکاتـەوە.

سـاڵی ١٩٧٦ مـاو تسـیتۆنگ کۆچـی دوایـی کـرد. دینـگ شـیاوبینگ لـە دوای مـاو گۆڕانـکاری ریشـەیی بەسـەر سیسـتەمی ئابـوری چینـدا هێنـا، بـۆ یەکـەم جـار بانگەشـەی ئـەوەی کـرد چیـن پەیـڕەوی یاسـاکانی بـازاڕ بـکات بـۆ ئـەوەی بتوانێـت سـەرمایەگوزاری بیانـی (بەتایبـەت یابانـی و خۆرئاوایـی) بـۆ خـۆی راکێشـێت و پرۆسـەی پەرەپێدانـی ئابـوری بەڕێـوە بەرێـت و بەرهەمەکانـی چیـن لـە رووی چۆنایەتییـەوە بتوانـن توانـای کێبەرکێیـان هەبێـت (بەتایبـەت لەگـەل شـمەک و کاڵای روسـیدا). لـە هەمـان کاتیشـدا پارتـی کۆمۆنیسـتی چیـن بـە تونـدی دەسـەڵات بەڕێـوە بەرێـت و پابەنـد بێـت بـە سۆشـیالیزمەوە و لەکۆتایدا کۆمەڵگـە بـەرەو کۆمۆنیـزم بەرێـت. سـاڵی ١٩٧٧ دەسـتکرا بـە کەمپینـی نوێکردنـەوە لـە چـوار بـواردا: پیشەسـازی، کشـتوکاڵ، سـەربازی، زانسـت و تەکنەلۆژیـا. ئـەم چـوار کەرتە ئامـادە کـران بـۆ نوێبوونـەوەو کـران بـە بناغـەی سیاسـەتی ریفـۆرم و کرانـەوە لـە چیـن. دینـگ شـیاوبینگ تێزەکانـی خـۆی بـۆ پێشخسـتنی ئابـوری چیـن کـردە پرۆگرامـی حـزب و لـەم بـارەوە توانـی کۆمەڵگـەی چیـن لـە کۆمەڵگەیەکـی کشـتوکاڵی دوواکەوتـووە وە بگوێزێتـەوە بـۆ کۆمەڵگەیەکـی پیشەسـازی پێشـکەوتوو .

دەتوانیـــن ئـــەم قۆناغـــە بەهەنـــگاوە ســـەرەتاییەکانی پێشخســـتن و گواســـتنەوەی چیـــن بـــەرەو ســـەرمایەداری دەوڵـــەت نـــاو بەریـــن، قۆناغێـــک کـــە لـــە پرۆســـەیەکی خێـــراو بەردەوامـــدا، تەکانێکـــی راســـتەقینەی بـــە چیـــن بەخشـــی و رێـــگای خـــۆش کـــرد بـــۆ ئـــەوەی چیـــن بـــەرەو زلهێزبـــوون هەنـــگاو بنـــێ.

بـــۆ زیاتـــر تێگەیشـــتن لـــە پارتـــی کۆمۆنیســـتی چیـــن و میکانیزمـــی بڕیـــاری سیاســـی و چۆنیەتـــی بەڕێوەبردنـــی ململانـــێ لەگـــەڵ ئەمەریـــکا وا پێویســـت دەکات کەمێـــک لەســـەر پارتـــی کۆمۆنیســـت و دوا کۆنگـــرەی ئـــەو پارتـــە بوەســـتین.

کۆنگـــرەی ٢٠ی پارتـــی کۆمۆنیســـتی چیـــن، لـــە رۆژی ١٦ی ئۆکتۆبـــەری ٢٠٢٢ دەســـتیپێکرد و لـــە رۆژی ٢٢ی ئۆکتۆبـــەر کۆتایـــی هـــات. ٢٣٠٠ کـــەس لـــە ســـەرکردەکانی حـــزب ئامادەی بـــوون، کـــە هێڵـــە گشـــتییەکانی ســـتراتیژی دەوڵـــەت بـــۆ مـــاوەی پێنـــج ســـاڵ دیـــاری دەکـــەن. هێڵەگشـــتییەکان پلانـــی کـــورت مـــەودا لـــە خـــۆ دەگرێـــت بـــۆ ســـاڵی ٢٠٣٥ ، هەروەهـــا پلانـــی دوور مـــەودا لـــە خـــۆ دەگرێـــت تـــا ســـاڵی ٢٠٤٩ کـــە یـــادی ســـەد ســـاڵەی دامەزرانـــدی دەوڵەتـــی چینـــە.

لیژنـــەی مەرکـــەزی ٢٠٥ ئەنـــدام و ١٧١ یەدەگـــن. ٢٥ کـــەس بـــۆ مەکتەبـــی سیاســـی حـــزب دەستنیشـــان دەکـــەن،

کـە حـەوت کەسـیان دەبنـە دەسـتەی کارگێـڕ و راسـتەوخۆ پەیوەسـت دەبـن بـە سـکرتێری حزبـەوە. ژمـارەی ئەندامانـی حـزب نزیکـەی ٩٧ ملیـۆن کەسـن، بەمـەش حزبـی کۆمۆنیسـتی چیـن، دەبێتـە گەورەتریـن حـزب لـە جیهانـدا لـەڕووی ژمـارەی ئەندامەکانیـەوە، کـە دەکاتـە رێـژەی ٦.٩٪ی دانیشـتوانی چیـن.

لـەم کۆنگرەیـەدا بانگەشـەی نـوێ بوونـەوە لەسـەر شـێوازی چیـن دیارتریـن خاڵـی وتارەکـەی شـی جینگپینـگ بـوو. ئـەم تەوەرانـەی خـوارەوەی لـە خـۆ گرتبـوو:

١- پابەند بوون بە سەرکردایەتی حزبەوە.

٢- پابەند بوون بە سۆشیالیزمی مۆدیلی چین.

٣- بەدیهێنانـی پەرەپێدانـی ئابـوری لـە ئاسـتێکی بـەرز و جۆرایەتییەکـی بـەرزەوە.

٤- گەشەپێدانی دیموکراسیەتی جەماوەریی تەواو.

٥- بەدیهێنانـی ئاسـودەیی و خۆشـگوزەرانی بـۆ هەمـوو گـەل.

٦- پتەوکردنـی پایەکانـی پێکـەوە ژیانـی مـرۆڤ و سروشـت.

٧- هەنـگاو نـان بـەرەو دروسـتکردنی کۆمەڵگەیـەک کـە ئاینـدەی هاوبـەش بـۆ مرۆڤایەتـی مسـۆگەر بـکات.

٨- ئافراندنـی شـێوەیەکی تـازە لـە شارسـتانی و

مرۆڤایەتـــی.

کۆنگــرە جەختـــی لەســەر بنەمـــای (دەوڵەتێــک و دوو سیســـتەم) کــردەوە، کــە ئەمــەش (داهێنانێکـــی مەزنـــی سۆشـــیالیزمە و خەسـڵەتێکی چینیـــی هەیــە) بــۆ ئــەوەی بتوانرێـت گەشەسـەندن و بەرەوپێـش چوونـی درێـژ مـەودا لە (هۆنـگ کۆنـگ و مـاکاو) بپاریـزن. هەروەهـا جەخـت لەسـەر ئــەوە کرایــەوە کــە دەبێــت بنەمــای (یــەک چیــن) ڕەچــاو بکرێـت، سـەبارەت بـە پرسـی تایوانیـش کۆنگـرە لـەو بـاوەڕەدا بـوو کـە کێشـەی تایـوان پرسـێکی ناوخـۆی چینـە و بەهیـچ شـێوەیەک سازشـی لەسـەر ناکرێـت و بـواری سـەربەخۆبوون و جیابوونــەوەی تایــوان گفتوگــۆی لەســەر ناکرێــت.

لـە وتارەکـەی خۆیـدا لـە کۆنگـرە کـە ١٠٠ خولەکـی خایانـد، شـی رایگەیانـد: لـە مـاوەی ٤٠ سـاڵی رابـووردوودا چیـن توانی دوو موجیـزە بخولقێنێـت ئەوانیـش پەرەپێدانـی ئابـوری خێرا و سـەقامگیری کۆمەڵایەتـی درێـژ خایــەن بــوون. هەروەهــا ئامــاژەی بــە کردنــەوەی ئاسـۆی نـوێ کـرد بـۆ بـە (چیــن) ی کردنــی مارکســیزم و هاوچــەرخ کردنــی. هەروەهــا پابەنــد بــوون بــە مارکســیزم و لینینیــزم و بیروباوەڕەکانــی ماوتسـی تۆنـگ و تیۆرەکانـی دنـگ شـیاو بینـگ، لـەو خاڵـە گرنگانـە بــوون کــە ســەرۆکی چیــن بــە بایەخــەوە ئامــاژەی بــۆ کــردن.

ســەبارەت بــە پێگــەی ئابــوری چیــن گوتــی: چیــن

هاوبەشی بازرگانییە لەگەڵ ١٤٠ وڵاتدا. سەراپای بەرهەمی نەتەوە رێژەی ١٨.٥٪ ی هەموو جیهان پێکدێنێت. چین توانی لە کاتی بڵاوبوونەوەی پەتای کرۆنا ئابوری خۆی بگونجێنێت و پەرەپێدانی ئابوری بەردەوام پێبدات. بەدەستهێنانی پەرەپێدانی ئابوری چین نابێت لەسەر حسابی ژینگە بێت. چین لە ماوەی دە ساڵی رابووردوودا بە رێژەی ٣٤.٤٪ دەرهاویشتنی کاربۆنی کەم کردۆتەوە. هەروەها کار بۆ ئەوە دەکات لە پێش ٢٠٣٠ ئەو رێژەیە بەرێتە ئاستێکی نمونەیی و لە ساڵی ٢٠٦٠ بە تەواوی سفری بکاتەوە.

شی جینگپینگ سیاسەتێکی ئابوری ستراتیژی بەڕێوە دەبات، کە بە ستراتیژی (پەرەپێدانی موتوربەکراو بە داهێنان) یاخود پەرەپێدانی بەهرەمەند کراو بە داهێنان ناوی دەبات. ئەم سیاسەتەی خۆشی لە چەند بوارێکی تایبەتدا خستەڕوو وەکو نوێکردنەوەی بەرهەم و پیشەسازی بۆ گرەنتیکردنی کێبەرکێی جیهانی لە رێگای ئەنجامدانی گەشتی ئاوەدان بۆ بۆشایی ئاسمان. هەروەها ئەنجامدانی گەشت بۆ سەر مانگ و مەریخ، وێرای ئەنجامدانی توێژینەوە و دۆزینەوە لە زەوی و دەریا و زەریاکان، بەرهەمهێنانی کۆمپیتەری زەبەلاح و خێرا، گەشتی دەریاوانی ئاراستەکراو بە مانگی دەستکرد،

دەستخستنی لافاوی زانیاری، تەکنەلۆژیای کەهرۆئەتۆمی، دروستکردنی فڕۆکەی زەبەلاحی گەشت، بواری پزیشکی و دەرمان.

چین توانیویەتی ١٣٨ وڵات بەشداریپێبکات لە پرۆژەی رێگای ئاوریشم، کە چین دەبەستێتەوە بە ئەفریکا و ئەوروپا لە رێگای وشکانی و ئاوی، هەروەها دروستکردنی ٩٥ بەندەر لە جیهاندا لە لایەن چینەوە، ٢٢ دانە لە ئەوروپا و ٢٠ دانەش لە خۆرهەڵاتی ناوین و ئەوانی تریش لەملاو ئەولا.

لە نوێکردنەوەو پەرەپێدانی ئابوریدا، داهێنان بایەخی پلە یەکەمی هەبووە لە ستراتیژی کاری دەوڵەتی چین، رێکخراوی جیهانیی موڵکایەتی فکر رایگەیاند کە چین لە ریزبەندی ١٢ی ساڵی ٢٠٢١دا بووە لە داهێنان، لە کاتێکدا لە ساڵی ٢٠١٢دا لە ریزبەندی ٣٤دا بووە. ژمارەی کۆمپانیا چینییەکان لە ناو لیستی (فۆرچن گلۆباڵ٥٠٠) بەردەوام لە زیادبووندایە. ١٤٥ کۆمپانیای چینی لە ساڵی ٢٠٢١دا لە ناو لیستەکەدان، لە کاتێکدا لە ساڵی ٢٠١٢دا تەنها ناوی ٩٥ کۆمپانیای چینی هەبوو.

# شی ... میراتگری شۆڕش لە دوای ماو

ئـەو دەمـەی شـی جینگپینـگ دەسـەڵاتی بەدەسـتەوە گـرت، هەمـوو چاودێرانـی سیاسـی لـەو بـاوەڕەدا بـوون کـە یەکێـک دەبێـت لـە سـەرکردە هـەرە پێشـکەوتن خـوازەکان کـە گۆڕانـکاری ڕیشـەیی لـە بنەمـا سیاسـییەکانی وڵاتـدا دەکات، ئەمـەش بەهـۆی مێـژووی خێزانیـی ئـەوەوە بـوو. دوای دە سـاڵ هەمـوو ئـەو بۆچوونانـە ئـاوەژوو بوونـەوە.

دوای ئـەوەی شـی بـۆ جـاری سـێیەم توانـی متمانـە بەدەسـت بهێنێتـەوە بـوو بـە بەهێزتریـن سـەرکردە لـە دوای مـاو تسـیتۆنگ. خـۆی بـە میراتگـری راسـتەقینەی ئـەو دەزانێـت و هاوتـای ئەویـش دەخوازێـت جێگە دەسـتی خۆی لەسـەر حـزب و دەوڵـەت بەجێبێڵێـت. زۆر تونـدە بەرامبـەر بـە ئۆپۆزیسـیۆن. کەسێکی هەژمـون خـوازەو دەسـتی بەسـەر هەمـوو جومگەکانـی چینـی نوێـدا گرتـووە.

تافـی منداڵـی ئـەو هیـچ ئاماژەیەکـی ئەوتـۆی تێدانیە کە بـەو جـۆرە ئەسـتێرەی لەناو حزبدا بگەشـێتەوە. شـی شـونگی باوکـی پاڵەوانێکـی شۆڕشـگێڕ بـوو، بـوو بـە جێگـری سـەرۆک وەزیـران. دواتـر و لـە پڕێکـدا لـە کاتـی شۆڕشـی فەرهەنگیـی مـاودا، کرایـە ئامانـج لـە نێـوان شـەو و رۆژێکـدا پێگـەی خۆی

لەدەستدا. خوشکێکی بەهۆی ئەو چەوساندنەوەیە خۆی کوشت، خۆشی لەنێو هاوڕێ و قوتابخانەکەیدا بوو بە کەسێکی نەخوازراو ئەمەش وایکرد کە ناچار بێت زیاتر پشت بە تەنها خۆی ببەستێت و کەسێکی دابڕاو بێت لە هەست و سۆز. لە تەمەنی پازدە ساڵیدا، لە بارودۆخێکی زۆر توند و بێرەحمانەدا رەوانەی کار کرا. لە گوندێک گواستنەوەی دانەوێڵەی دەکرد و لە ئەشکەوتدا دەخەوت، لەو بارەیەوە دەڵێت: توشی شۆک بووم لەو قۆناغەدا. ساڵی ١٩٩٢ لە چاوپێکەوتنێکیدا بۆ رۆژنامەی واشنتۆن پۆست دەڵێ: کاتێ ئامادەی دانیشتنەکانی تۆمەتبارکردنی باوکم بووم (تەنانەت ئەگەر تێشنەگەیت چی دەگوزەرێت ناچاریت تێ بگەیت) ئەمەش واتلێدەکات (خێراتر لە تەمەنی خۆت کامڵ بیت و فێر بیت). ئەو ئەشکەوتەی کە ئەوێ رۆژێ ئەوی تێدا دەخەوت ئەمڕۆ کراوەتە شوێنێکی گەشتیاری.

بارودۆخی زۆر قورسی تێپەڕاند. چەندین جار داوای بوونە ئەندامی حزبی کۆمۆنیستی کردووە، بەڵام جار لە دوای جار داواکانی رەتدەکرانەوە، تا دوا جار داخوازییەکەی بۆ بوونە ئەندام پەسەند کرا و بوو بە بەرپرسی حزب لە گوندەکەی خۆیان. لە ئاستە هەرە نزم و خوارەوەکانی حزبدا خۆی پێگەیاند و پێشکەوت تا بوو بە فەرمانڕەوای

هەرێمـی توجیـان و دواتـر سـەرۆکی حـزب لـە شـینگیانگ و دواتریـش لـە سـاڵی ٢٠٠٧ لـە شـەنگهای. لـە کۆتایـی هەفتاکانـی سـەدەی رابـووردوو لـە دوای کۆچـی دوایـی ماوتسـی تۆنـگ، ئیعتبـار بـۆ باوکـی گەڕێنرایـەوە، ئەمـەش پێگـەی ئەمـی بەهێزتـر کـرد. ژنـی یەکەمـی بـەرداوە و لەگـەڵ ژنـی دووەمـی کـە گۆرانـی بێژێکـی ئۆپێرابـوو بەنـاوی بینـگ لیـدان سـاڵی ١٩٨٧ هاوسـەرگیری کـردەوە. هەرەسـی سـۆڤیەت دەرسـێکە بـۆ ئـەو کـە دەڵێـت (نایـەوێ لـە چیـن رووبـدات) بۆیـە هەمیشـە لەگـەڵ ریفـۆرم و کرانـەوەی بـەردەوام دایـە.

## خاڵە بەهێزەکانی شی جینپینگ

١- چەپڕەوێکـە پابەنـدە بـە مارکسـییەتی سـونەتی لەسـەر بنەمـای موڵکایەتـی دەوڵـەت بـۆ ئامرازەکانـی بەرهـەم هێنـان و رەتکردنـەوەی کەرتـی تایبـەت و چینی سـەرمایەدار بەواتـا فراوانەکـەی (خـاوەن فیکـری سیاسـی، هەژمونـی سیاسـی، دامـەزراوەی سـەربەخۆی چینایەتـی). دابیـن کردنـی خزمەتگوزاریـی سـەرەکی بـۆ هاوڵاتیـان لـە رێـگای دەوڵەتـەوە. زەق نەبوونـەوەی دیـاردەی چینایەتـی. هەروەهـا بـاوەڕی بـە حەتمییەتـی ململانێـی چینایەتـی هەیـە.

٢- میانڕەوێکـی ریفـۆرم خـوازە، حـەزی لـە بیروکراسـیەتی حزبـی و دەوڵەتیـی هەیـە بـۆ پیادەکردنـی نەخشـەی پەرەپێـدان کـە ئەمـەش گرەنتـی بـەردەوام بـوون و مانـەوەی حـزب دەدات لـە دەسـەڵات. کەواتـە ئـەو چەپـڕەوە وەک کەسـێکی کۆمۆنیسـت و شـێلگیر، میانـڕەوە بـۆ ئامادەکـردن و جێبەجێکردنـی نەخشـەکانی پەرەپێـدان و گەشـەپێدان.

شـی بـاوەڕی بـە سـەرکردایەتی شۆڕشـی کۆمەڵایەتـی هەیـە کە بە شۆڕشـێک لەنـاو خـودی حزبەوە دەسـتپێدەکات. بەمجـۆرە جەختکردنـەوە لەسـەر سۆشـیالیزم بـە سـیمایەکی چینـی بنەمایەکـی گرنگـی بیروباوەڕەکانـی (شـی)یە. کۆنگـرە ئـەو بڕگەیـەی دەسـتوری سـاڵی ١٩٨٢ی لابـرد کـە ویلایەتـی سـەرۆک تەنهـا بـۆ دوو خـول دیـاری دەکات. بەمجـۆرە مـاوەی سـەرۆکایەتی بـۆ پێنـج سـاڵی دیکـەش تـازە کرایـەوە، دوای ئـەوەش ئەگـەر حزبـی کۆمۆنیسـتی چیـن بـە گونجـاوی بزانێـت ئـەوە مـاوەی سـەرۆکایەتی یاخـود زەعامەتـی سـەرۆک تـازە دەکاتـەوە. ئـەم کارەش هـەروا ئاسـان نیـە چونکـە هەڵسـەنگاندن لەنـاو حزبـی کۆمۆنیسـتی چینـدا زۆر تونـدە. هەمـوو بڕیـارەکان و سـتراتیژ و نەخشـەو تەنانـەت وتارەکانـی حـزب بـە وتـاری سەرۆکیشـەوە دەبێـت لـە ژێـر هەڵسـەنگاندندا دەربچێـت.

## ئایا چین وڵاتێکی سۆشیالیستییە؟

کەرتــی گشــتی لــە چیــن کەرتێکــی زۆر بەهێــزە لەپــاڵ کەرتــی تایبەتــدا. کەرتــی گشــتی لــە پرۆســەیەکی درێژخایەندا بــەرەو ســەرمایەداری دەوڵــەت هەنــگاوی گرتەبەر. سیســتەمی ســەرمایەداریی دەوڵــەت لــە چیــن شــێوازێکی سیاســی و ئەنگێزەیەکــی تۆتالیتــاری هەیــە کــە دەوڵــەت لــە رێــگای حزبــی شــیوعیەوە پیــادەی دەکات.

کەرتــی گشــتی لــە چیــن زۆر گەورەیــە. ئــەم کەرتــە راســتەوخۆ لــە لایــەن حکومــەت و حزبــەوە بەڕێــوە دەبرێــت و بەرپرســێکی حــزب خــاوەن کارە تیایــدا، بــەڵام لــە کەرتــی تایبــەت هیــچ خــاوەن کارێــک لەنــاو دەوڵــەت و حزبــدا پلــەو پۆســتی نیــە. حــزب و حکومــەت رۆڵێکــی سیاســی و کۆمەڵایەتــی باڵایــان هەیــە بەســەر ئــەو کەرتــەوە کــە پێکــەوە ئاراســتەی گەشــەپێدانی ئابــوری بەڕێــوە دەبــەن و ئامانجــە ئابــوری و سیاســی و کۆمەڵایەتیەکانــی خۆیــان بــەدی دەهێنــن.

بــە گوێــرەی تیــۆرە ئابــوری و سیاســییەکان لــە سیســتەمی سۆشیالیســتدا، موڵکایەتــی تایبەتــی لەنــاو دەبرێــت و دەگۆڕدرێــت بــۆ مۆڵکایەتــی گشــتی (موڵکایەتــی کۆمەڵایەتی).

ئامرازەکانــی بەرهەمهێنــان لــە ژێــر دەســتی ســەرمایەداران و تاکەکەسـاندا نامێنـن، بەڵکـو چینـی کرێـکاران خۆیـان دەبنـە خـاوەن کارگـەکان و بەرهەمیـش لـە پێنـاوی قازانجـدا نابێـت ئەوەنــدەی کــە لــە پێنــاوی تێرکردنــی پێداویســتییەکانی کۆمەڵگـەدا دەبێـت (هەرکـەس بـە گوێـرەی توانـای خـۆی، هەرکــەس بــە گوێــرەی پێویســتی خــۆی). بــەڵام ئایــا ئــەم ڕێسـایە ئەمـڕۆ لـە چیـن پەیـڕەو دەکرێـت؟ یاخـود بڵێیـن ڕێسـایەکی هاوشـێوە یاخـود نزیـک لەمـە پەیـڕەو دەکرێـت؟

لینیــن بــەر لــە کۆتایــی ژیانــی لــە وتارێکــی خۆیــدا یەکێتــی ســۆڤێتی وەک کۆمەڵگەیەکــی  ڕاگــوزەر وەســف کـرد و گوتـی: سۆشیالیسـتەکان دەسـەڵاتی دەوڵەتیـان بـە دەسـتەوە گـرت، بۆیـە دەتوانـن ئابـوری دوای شـۆڕش (کـە بـە سـەرمایەداری دەوڵـەت نـاوی بـرد) بـەرەو قۆناغـی دوای سـەرمایەداری بـەرن. هەرچەنـدە لینیـن بـە ئاشـکرا باسـی ئــەوەی نەکــردووە بــەڵام پێدەچێــت ئامانجــی ســەرەکی شـۆڕش ئـەو گواسـتنەوەیە بووبێـت بـەرەو سۆشـیالیزم. دوای لێنیـن سـتالین هـات و سـەرمایەداری دەوڵەتـی چەسـپاند، ئیتـر هەتـا هەڵوەشـاندنەوەی یەکێتـی سۆڤیەت لـە شـوێنی خۆیـان بـە چەقیـوی مانـەوە.

پارتــی کۆمۆنیســتی چیــن تاڕادەیەکــی زۆر هەمــان کار دووبـارە دەکاتـەوە، سـەرمایەداری دەوڵەتـی بـە ڕابەرایەتـی

حـزب و حکومـەت پێکهێنـا بـەڵام لەگـەڵ یەکێتـی سۆڤیەت لـەوەدا جیـاوازە کـە توانیویەتـی زیرەکانـە لەگـەڵ بـازاڕی نێودەوڵەتیـدا مامەڵـە بـکات. بـەڵام بەهەمـان شـێوەی یەکێتیـی سـۆڤێت، چینیـش هەمـان گرفتـی هەیـە و ناتوانێـت کۆمەڵگەکـەی خـۆی بەرێتـە قۆناغـی دوای سـەرمایەداری دەوڵـەت.

سـەرمایەداری دەوڵـەت لـە چیـن بریتییە لـە زنجیرەیەکی هەڕەمـی کـە تیایـدا حـزب و حکومـەت لـە سـەری سـەرەوەن دوای ئەوانیـش خاوەنـکارەکان دێـن لـە کەرتـی گشـتی و کەرتـی تایبـەت و دوای ئەوانیـش فەرمانبەرانـی بیروکـرات.

چیـن ئەمـڕۆ نەگەیشـتۆتە قۆناغـی دوای سـەرمایەداری هـەروەک یەکێتیـی سـۆڤێت سۆشـیالیزم لـە قاڵبـی سـەرمایەداری دەوڵەتـدا شـەکەت دەدەن، سۆشـیالیزمێک کـە رەنگـە هەرگیـز نەگاتـە قۆناغـی دوای سـەرمایەداری.

جەنگـی سـارد دژی یەکێتیـی سۆڤێت یەکێـک بـوو لـەو بەربەسـتانەی کـە رێـگای گـرت لـە گواسـتنەوەی سـۆڤیەت بـۆ دوای سـەرمایەداری دەوڵـەت، جەنگـی سـارد دژی چیـن هەمـان کار دەکات. تەنانـەت ئەگـەر جەنگـی ساردیش نەبێـت رەنگـە فشـارەکانی ناوخـۆ هۆکارێـک بـن بـۆ مانـەوە لەهەمـان قۆناغـدا. بـە پێچەوانـەی بنەماکانـی سیسـتەمی سۆشیالیسـتی، چیـن جگـە لـەوەی کەرتـی تایبەتـی تێـدا

زۆر بەهێـزە، بنەماکانـی خواسـت و خسـتنەڕووی بـازاڕی ئـازاد ئاراسـتە دەکـەن. ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ کەرتـی گشـتی لـە چیـن پاشەکشــە دەکات. کردەوەکانــی بــە تایبەتیکردنــی کەرتــی گشـتی تـا نەوەتـەکان زۆر بـە فراوانـی ئەنجامـدران. بەمـەش بەشـداریکردنی کەرتـی گشـتی لـە سـەراپای داهاتـی نەتـەوە لـە کەرتـی پیشەسـازی لـە ڕێـژەی ٨١٪ سـاڵی ١٩٨٠ دابـەزی بـۆ ١٥٪ لـە سـاڵی ٢٠٠٥ وێـرای ئـەوەش وەبەرهێنانـی بێگانـە گەیشـتە ئاسـتێکی زۆر بـەرز.

چینــی کرێــکاران لــە وڵاتــی چیــن هاوشــێوەی هەمــوو وڵاتانــی دیکــەی دنیایــە، کار دەکات و هــەق دەســتی خــۆی وەردەگرێــت. ڕەنگــە نەتوانیــن جیاوازییەکــی بنەڕەتــی لــە نێـوان کرێکارانـی چیـن و وڵاتانـی دیکـەی دنیـادا بدۆزینـەوە، بـەڵام دەتوانیـن چەندیـن جیاوازی گـەورە و بنەڕەتـی لەنێوان چینــی ســەرمایەدارانی وڵاتــی چیــن و وڵاتانــی دیکــەی دنیــای ســەرمایەداری بدۆزینــەوە. بــە پێچەوانــەی جیهانــی خۆرئــاوا چینــی ســەرمایەدارانی وڵاتــی چیــن نەیتوانیــوە چینێکـی هۆشـمەندی سـەربەخۆ بێـت بەڵکـو هەمیشـە لەژێر هەژمـوون و سیاسـەتی دەسـەڵاتدا بـووەو نەبۆتـە چینێکـی ئابـوری سـەربەخۆی خـاوەن پێگـەی سیاسـی و فکـری لەنـاو کۆمەڵگـەدا . ئـەم خەسـلەتە بـە کۆمەڵگـەی چیـن نـەک نامۆ نیـە بگـرە هـۆکاری ڕاسـتەوخۆی پێشـکەوتنی ئابـووری بـووە.

ئـەم سـیفەتە توانیویەتـی بـە شـێوەیەکی یەکجـار خێـرا بـە تێکـڕای ٨٪ گەشــە بــە ئابــوری وڵات بــدات، لــە کاتێکــدا ئەمەریــکا و وڵاتانــی دیکــەی ئەوروپــا زۆر بــە زەحمــەت دەتوانـن لـە ڕێـژەی ٢٪ گەشەسـەندنی ئابـوری نزیـک ببنـەوە. لــە چیــن ١٤٥ ملیاردێــر هەیــە. ســەرمایەدارەکانی چیــن پێکـەوە ٤ ترلیـۆن دۆلاریـان هەیـە. جـاک مـا کـە لـە بـواری پرۆگرامیــن و ئەنتەرنێــت کار دەکات و کۆمەڵــەی (عەلــی بابـا) بەڕێـوە دەبـات بـە تەنهـا خـۆی ٥٠ ملیـار دۆلار پـارەی هەیـە. زۆنـگ شانشـان Zhong Shanshan بازرگانـی بـواری دەرمــان نــاوی لــە لیســتی یەکــەم ١٠ ملیاردێــری چیــن دایـە. خاوەنـی ٨٥ ملیـار دۆلارە بـە دەوڵەمەندتریـن کەسـی ئاسـیا دەژمێردرێـت. زوانـگ یمینـگ خاوەنـی تـک تـۆک ٦٠ ملیـار دۆلاری هەیـە، هەروەهـا هوانـگ شـنگ خاوەنـی بـیـنـدیـودیــو بــۆ بازرگانــی ئەلکترۆنــی بــە تەنهــا خــۆی خاوەنــی ٥١ ملیــار دۆلارە.

هەلومەرجـی کار لـە نێـو کارگا و بازاڕەکانـی چیـن هیچـی وای لەگــەڵ وڵاتانــی دیکــەی ســەرمایەداریدا جیــاواز نیــە. لـە کاتێکـدا سـامانی دەوڵەمەندتریـن ١٠٠٠ کـەس لـە چیـن سـالانە بـە ڕێـژەی ناوەنـدی ٢٠٪ زیـاد دەکات، نزیکـەی ٥٠٠ ملیـۆن هاوڵاتـی چیـن ڕۆژانـە بـە داهاتێکـی کەمتـر لـە دوو دۆلار ژیــان دەکــەن.

## ئایا چین ڕێگای سێیەمی دۆزیوەتەوە لە نێوان سەرمایەداری و سۆشیالیستیدا؟

پەرە سەندنی یاسای گشتی کەڵەکە بوونی سەرمایە کە مارکس لە کتێبی سەرمایەدا وەسفی دەکات و دەڵێت (یاسای کەڵەکە بوونی سەرمایە، کەڵەکە بوونی نەهامەتی بەهەمان هێندەی کەڵەکەبوونی سەرمایەکە لەگەڵ خۆیدا دێنێت) بۆیە بە هێندی کەڵەکە بوونی سەرمایە لەچین بەهەمان هێندیش چەوساندنەوەی کرێکاران و نەهامەتی و نەخۆشی و هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵایەتی لەگەڵ خۆیدا کەڵەکە دەکات کە ئەمەش سروشتی دوژمنکارانەی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییە.

لە چیندا خزمەتگوزارییە گشتییەکانی تەندروستی و خوێندن لە ئاستە نزمەکاندا پێشکەش دەکرێت، کارێکی یەکجار زۆر کراوە بۆ ئەوەی بەشێکی زۆری هاولاتیان لە ژێر هێڵەکانی هەژارییەوە رزگار بکرێن و هەلی کاری بۆ ملیۆنەها هاولاتی پەیدا بکرێت و ئابوری ولات بە هەنگاوی زۆر خێراو گرنگ بەرەو پێشەوە بڕوات و پێگەی چین لە دنیادا پێگەیەکی زۆر درەوشاوە بێت، بەلام پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان نەیتوانیوە لە چوارچێوەی

گشــتی سیســتەمی ســەرمایەداری بێتــە دەرەوە.

سۆشــیالیزم بــە رواڵەتــی چینــی تەنهــا بــۆ جوانکــردن و میکیــاژ کردنــی سیســتەمی ســەرمایەدارییە لــە چیــن کــە لــە کۆتایــی هەفتاکانــەوە دینــگ شــیاو بینــگ دەســتیپێکرد و پارتــی کۆمۆنیســتی چیــن بــە رابەرایەتیکردنــی دەوڵەتێکــی بیروکراســی رابەرایەتــی دەکات. هەمــوو شــتێک لــە ناوەرۆکــدا ســەرمایەدارییە و ملکەچــی یاســاکانی بــازاڕ و ئامرازەکانــی سیســتەمی ســەرمایەداری بەکاردێنێــت بــۆ پێشخســتن و هەڵســاندنەوەی ئابــوری چیــن.

# سیستەمی سیاسیی ئەمەریکا

سیســتەمی ســەرمایەداری ئەمەریــکا چەندیــن قۆناغــی جیــاوازی بڕیــوە. لەمــڕۆدا کــە بــە سیســتەمی مۆدرێنــەی ســەرمایەداری لیبرالــی نــاوی دەبرێــت. پەیــڕەوی فەلســەفەی لیبرالیــزم دەکات لــە بەڕێوەبردنــی ئابــوری و سیاســەتدا. لیبرالیزمــی نــوێ لــە کۆتایــی هەفتاکانــی ســەدەی پێشــوو ســەریهەڵدا و لــە دوای هەرەســی بلۆکــی رۆژهــەڵات لــە زۆرێـک لـە وڵاتانـی دنیـا، بـە تایبـەت لـە وڵاتانی دیموکراسـی پیشەسـازی پێشـکەوتوو کرایـە مۆدیلێـک بـۆ دەسـەڵات و لـە رێـگای دامەزراوەکانـی وەکـو سـەندوقی نەختینـەی نێـو دەوڵەتـی و بانکـی نێـو دەوڵەتـی، بەسـەر زۆرێـک لـە وڵاتـە دواکەوتووەکانیشــدا فەرزکــرا.

سیســتەمی سیاســی ئەمەریــکا کۆمەڵیــک چەکــی ئایدیۆلـۆژی گرنگـی هەیـە کـە بەهۆیـەوە ئاراسـتەی بـازاڕی هەمــوو دنیــا، دیــاری دەکات و هــەر لــەو رێگایەشــەوە ئیـدارەی ململانێکانـی خـۆی لەگـەل جەمسـەر و دەوڵەتانـی دیکــەی دنیــا دەدات.

نیولیبراڵــەکان باوەڕیــان بــە (ئازادکردنــی رەهــای بــازاڕ) و دەسـتکاری نەکردنـی رەهـای میکانیزمەکانـی بـازاڕ هەیـە.

چونکـە ئـەوان لـە و بـاوەڕەدان بـازاڕ خـۆی زۆر باشـتر دەتوانێـت ئابـوری بەڕێوەبەرێـت لـەوەی کـە نەخشەکێشـانی سـەنترالی دەوڵـەوت ئاراسـتەی بـکات. هێزەکانـی بـازاڕ دەبێـت هەمـوو لایەنـە ئابـوری و کۆمەڵایەتیەکانـی ژیـان ڕێکخـراو بـکات. بەئابـوری کردنـی هەمـوو خەسـلەتەکانی ژیـان و دواتریـش بـە بازاڕکردنـی هەمـوو ئـەو خەسـلەتانە لـەم سیسـتەمەدا جڵـەو بەتەواوەتـی بـۆ تـاک شـل کـراوە، لـەوەش زیاتـر داروینیزمـی کۆمەڵایەتـی دەبێتـە ئەخلاقـی بـەرزی کۆمەڵگـە، بـە واتـای ئـەوەی بەرژەوەنـدی تـاک لـە سـەرو بەرژەوەنـدی کۆمەڵگـەوە دەبێـت. سیاسـەتی نیولیبراڵـەکان هـەژاری لـە دنیـا زیاتـر دەکات. هاوسـەنگی کۆمەڵایەتـی تێکـدەدات هێزی سـەندیکاکان تێکدەشـکێنێت، خـاوەن کارو سـەرمایەدارەکان زیاتـر بەهێـز دەکات. لـە کاتێکـدا دەوڵـەت هەمـوو جـۆرە باربۆکانـی چاودێـری کۆمەڵایەتـی و تەندروسـتی کـەم دەکاتـەوە لـە بەرامبـەردا ژمـارەی زیندانـی و زیندانـەکان زیاتـر دەبـن. گەورەتریـن پرۆگرامـی دروسـتکردنی زیندانـەکان لـە مێـژودا لـە ئەمەریـکا لـە سـەردەمی نیولیبرالەکانـدا جێبەجێکـرا.

ئـەوەی ئاسانکاری زۆری بـۆ نیولیبرالـەکان کرد کـە بتوانن سـەرکەوتن بەدەسـت بێنـن قۆناغـی گلوبالیـزە بـوون بـوو، ئـەم قۆناغـە پێویسـتی بـەوە دەکـرد کـە بـازاڕە داخـراوەکان

بکرێنـەوە و لەگـەڵ بـازاڕی سـەرمایەداری جیهانیـدا دەمـج بکرێـن، هەڵوەشـاندنەوەی بلۆکـی خۆرهـەلاّت بـۆ خـۆی زادەی ئەمـە بـوو.

جەنگـی نـەوەی چـوارەم بـوو بـە داهێنانـی تـازەی لیبرالیـزم. ئـەم جەنگـە ئەخـلاق و فەلسـەفەی مۆدرێنـەی بـە دیـاری دەبـرد بـۆ گـەلان کـە ئەوانیـش دیموکراسـیەت و مافـی مـرۆڤ و ئـازادی بـوون. ئـەم بنەمایانـەش کرانـە هـۆکاری جەنـگ لەگـەڵ عێـراق و ئەفگانسـان. لـە راسـتیدا جەنـگ دەکەنـە ئامێرێـک بـۆ گسـک دانـی هەمـوو پاشـماوەو بەربەسـتەکانی بـەردەم مۆدرێنـە. شـۆک و ترسـاندن و کارەسـاتەکانیش دەکرێنـە باشـترین ئامـراز بـۆ هەمـان ئامانـج.

# ستراتیژی ئەمەریکا بەرامبەر بە چین

بـۆ ئـەم بەشـە پشـت دەبەسـتین بـە راپۆرتـی ستراتیژیی ئاسایشـی نەتەوەیـی ئەمەریـکا بـۆ سـاڵی ٢٠٢٠ (بەڕێوبەرایەتـی ترەمـپ - کۆمـاری) و هەمـان راپـۆرت بـۆ سـاڵی ٢٠٢١ی دیموکراتـەکان (بەڕێوبەرایەتـی بایـدن - دیموکراتـی)، هەروەهـا پشـت دەبەسـتین بـەو دیبەیتـەی کـە وەزیـری دەرەوەی ئەمەریـکا لـە مـاوەی سـەرۆکایەتی دۆناڵـد ترەمـپ (مایـکڵ پۆمپیـۆ) لـە مۆزەخانـەی نیکسـون رۆژی ٢٠٢٠/٧/٢٢ پێشکەشـی کـرد، هەروەهـا وتـاری وەزیـری دەرەوەی ئەمەریـکا لەمـاوەی سـەرۆکایەتی جـۆ بایـدن (ئەنتۆنـی بلینکـن)، کـە لـە زانکـۆی جـۆرج واشـنتۆن لـە ٢٦ی ئایـاری ٢٠٢٢ پێشکەشـی کـرد.

ئـەو سـەرچاوانە هەموویـان جەخـت لەسـەر ئـەوە دەکەنـەوە کـە چیـن هەڕەشـەیەکی ئابـوری و ئایدیۆلـۆژی و ئەمنییـە بـۆ ئەمەریـکا. لۆژیکـی سیاسـەتی ئەمەریـکا کـە لـە دەزگا فەرمیەکانیـدا جەختـی لەسـەر دەکرێتـەوە لـە سێ رەهەنـدەوە سـەرچاوەی گرتـووە:

**یەکەم** - تیۆری هەڕەشەکانی چین

**دووەم** - تیۆری گۆڕینی چین

**سێیەم -** تیۆری زەرەرمەندبوونی ئەمەریکا.

دوای پەنجا ساڵ مامەڵەی هەڵەمان لەگەڵ چین دەبێت ئیتر لەمەودا پێداچوونەوە بە سیاسەتەکانی سەردەمی نیکسۆن بکەین و نابێت چیدیکە بە ئەقڵیەتی کۆنەوە سیاسەت لەگەڵ چیندا بکەین و چاوەڕوانی ئەوەبین کە ئەو وڵاتە ببێتە ئەندامێکی هاوبەش و ئاشتیخوازی کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی و جیهانی ئازاد. لە پەنجا ساڵی رابووردوودا، چین لە ژێر سایەی یارمەتیدان و قەرزە نێودەوڵەتیەکان و وەبەرهێنانی بێگانە، خۆی بەهێز کرد. ئەمڕۆ چین لەهەر کات زیاتر سەرکوتکەربووە لە ناوخۆدا، دڕندانەتر بەرامبەر بە ئازادی رەفتار دەنوێنێت. سەربەخۆیی هۆنگکۆنگ پێشێل دەکات، دەستگیرکردنی بەکۆمەڵ پەیڕەو دەکات، مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکات. نکوڵی لە ناسنامەی تبت دەکات و لە سنجان چەوساندنەوەی رەمەکی پەیڕەو دەکات و فشار بۆ تایوان دێنێت. فشاری سیاسی و ئابوری و سەربازی دەخاتە سەر هاوبەشەکانی ئێمە لەوانەش هندستان و ئوسترالیا و کەنەدا و میرنشینی یەکگرتوو و کۆمەڵەی ئەندامای ئاسیان و یەکێتیی ئەوروپا و چەندین وڵاتی تریش.

لــە بازرگانیــدا، سیاســەتێکی شــەڕانگێزانە و ناعادیلانــە پەیــڕەو دەکات. مامەڵەکــردن لەگــەڵ کۆمپانیایەکــی چینــی، وەک مامەڵەکــردن نیــە لەگــەڵ کۆمپانیایەکــی کەنــەدی، چونکــە کۆمپانیــای چینــی بەڕێوبەرایەتییەکــی ســەربەخۆی نیـە بەڵکـو هـی دەوڵەت و حزبـی شـیوعیە، نمونـەی ئەمەش کۆمپانیــای هواوییــە. هــواوی کۆمپانیــای پەیوەنــدەی کــردن و تەلەفۆنکــردن نیــە، بەڵکــو ســیفەتی راســتەوخۆی هــواوی هەڕەشــەیە بۆســەر ئاسایشــی نەتەوەیــی ئەمەریــکا. ئەگــەر کۆمپانیاکانــی ئێمــە لــە چیــن وەبەرهێنــان بکــەن ئەمــە واتــای ئەوەیــە کــە ئێمــە بمانەوێــت و نەمانەوێــت پشــتوانی لــە حزبــی شــیوعی چیــن و پێشــێلکاریەکانی مافــی مــرۆڤ دەکەیــن. پێشــکەوتنی چیــن بەشــێکی زۆری دەگەڕێتــەوە بــۆ ئێمــە، کــە ملیۆنەهــا خوێنــدەوار و بیرمەنــدی ئەوانمــان لــە باشــترین زانکۆکانــی خۆمانــدا پێگەیانــد و فێــر کــرد، کەچــی ئەمــڕۆ خوێندکاروفەرمانبــەرە چینیــەکان کــە دێنــە ئێــرە خوێنــدکارو فەرمانبــەری ئاســایی نیــن، ئەوانــە زۆربەیــان دێنە ئێــرە بــۆ دزینــی موڵکایەتــی فکــری و داهێنانەکانــی ئێمــە. ســوپای چیــن ســوپایەکی ئاســایی نیــە بەڵکــو ســوپایەکە تەنهــا بــۆ پاراســتنی رەهــای دەســەڵاتی حزبی شــیوعی چین و فراوانکردنــی ئیمپراتۆریاکەیانــە، نــەک پاراســتنی گەلــی چین. ئــەم ســوپایە لــە ئێســتادا پرۆگرامی هێرشــکردنە ســەر بۆشــایی

ئاسـمان و چەتەگـەری دانـاوە لـە بۆشـایی ئاسـمان، لەبـەر ئـەو هۆکارانـە دەبێـت لەمـەودوا سـتراتیژی ئەمەریـکا بـە کـردەوە بـۆ گۆڕینـی چیـن و دەسـەڵاتی سیاسـی و ئەقڵیەتـی ئایدیۆلـۆژی ئـەو وڵاتـە بێـت. بـۆ ئـەم کارەش دەبێـت پەیمانـی ناتـۆ و وڵاتانـی گرەیـت٧ و گرەیـت٢٠ پێکـەوە کار بکـەن.

بەڵگەنامـەی سـتراتیژی ئاسایشـی نەتەوەیـی ئەمەریـکا کـە بەڕێوبەرایەتـی بایـدن لـە ٣ی ئـاداری ٢٠٢١ ڕایگەیانـد ئامـاژە بـۆ گرنگـی ئـەوە دەکات کـە دەبێـت ئەمەریـکا ئاینـدەی سیسـتەمی تـازەی نێودەوڵەتـی داڕێژێـت و دوودڵ نەبێـت لـە بەکارهێنانـی هێـز لـە کاتـی پێویسـتدا. ڕاپۆرتەکـە جەخـت لەسـەر هەڕەشـەکانی چیـن دەکاتـەوە بۆسـەر ئاسایشـی نەتەوەیـی ئەمەریـکا، ئامـاژە بـۆ هەوڵەکانـی پارتی کۆمۆنیسـتی چیـن دەکات کـە چـۆن دەخوازێـت هەژموونـی خـۆی لـە دنیـادا فـراوان بـکات و درز بخاتـە نێـوان ئەمەریـکا و هاوپەیمانەکانـی و هـەوڵ بـدات بەربەسـتەکانی ڕێکەوتنـە بازرگانییـە نێودەوڵەتییـەکان تێکبشـکێنێت و هـەوڵ بـدات لەسـەر حسـابی ئەمەریـکا ئابورییەکـەی خـۆی پتەوتـر بـکات بـە تایبـەت لـە دوای قەیرانـی دارایـی جیهـان لـە ساڵی ٢٠٠٨ و سـود وەرگرتـن لـەو هەمـوو پـارەو سـەرمایە کەڵەکراوانـەی کـە کۆمپانیاکانـی چیـن بەدەسـتیان هێنـاوە، وێـرای هەوڵـە

بەردەوامەکانـــی بــۆ خۆخزاندنـــە نێــو زەریـــای پاســـفیک و زەریـــای هنـــدی.

چیـــن لـــە هەمـــان کاتـــدا هەوڵـــی پتەوکردنـــی پەیوەندییەکانـــی خـــۆی دەدات لەگـــەڵ روســـیا و لـــە رێـــگای جێبەجێکردنـــی رێـــگای ئاوریشـــم خوازیـــاری ئەوەیـــە هەژموونـــی ئابـــوری و سیاســـی و ســـەربازی خـــۆی بەســـەر وڵاتانـــی باشـــوری گـــۆی زەویـــدا بســـەپێنێت و خـــۆی بکاتـــە جەمســـەرێکی بەهێـــزی دنیـــا و تواناکانـــی خـــۆی لـــە بـــواری چەکـــی ناوکـــی و بۆشـــایی ئاســـمان برەوپێبـــدات بـــە دامەزراندنـــی وێســـتگەیەکی بۆشـــایی ئاســـمان و ناوەندێکـــی توێژینـــەوەی رۆبۆرتـــی لەســـەر مانـــگ، لـــە مـــاوەی ســێ ســاڵی داهاتـــوودا.

ئەنتۆنـــی بلینکـــن وەزیـــری دەرەوەی ئەمەریـــکا لـــە وتارەکـــەی خۆیـــدا لـــە زانکـــۆی جـــۆرج واشـــنتۆن لـــە ٢٦ی ئایـــاری ٢٠٢٢ بـــە دوورو درێـــژی ئالنگارییەکانـــی چینـــی راگەیانـــد:

جەنگـــی ئۆکرانیـــا وێســـتگەیەکی گرنگـــە بـــۆ ئەمەریـــکا. لەگـــەڵ ئـــەوەی کـــە ئەمەریـــکا بـــە وردی چاودێـــری ئاراســـتەی ئـــەو جەنگـــە دەکات، بـــەڵام بـــە چـــڕی ســـەرنجی خـــۆی خســـتۆتە ســـەر مەترســـیدار تریـــن ئالنـــگاری درێـــژ مـــەودا بـــۆ ئەمەریـــکا و سیســـتەمی نێودەوڵەتـــی، ئـــەم ئاڵنگارییـــەش

خـۆی لـە کۆمـاری گەلیـی چیـن دەبینێتـەوە.

چیـن تەنهـا دەوڵەتـە کـە دەیەوێـت سـەرلەنوێ سیسـتەمی نێودەوڵەتـی دابڕژێتـەوە، بـە شـێوەیەکی خێـراو فـراوان پەنـا بـۆ هەژمونـی ئابـوری و دبلۆماسـی و سـەربازی و تەکنەلـۆژی دەبـات بـۆ بەدەسـتهێنانی ئـەو ئامانجـە. چیـن لەمـڕۆدا جیـاوازە لـەو چینـەی کـە بـەر لـە پەنجـا سـاڵ پێـش ئێسـتا هەبـوو، کاتێـک سـەرۆک نیکسـون کۆتایـی بـە دژواری لـە پەیوەندییەکانـدا هێنـا و یەکـەم سـەرۆکی ئەمەریـکا بـوو کە سـەردانی چیـن بکات. لـەو کاتـەدا چیـن وڵاتێکـی پەڕانگیـر بـوو، بەرامبـەر بـە هـەژاری و برسـێتی دەجەنـگا، بـەڵام ئەمـڕۆ چیـن دووەم ئابـوری زەبەلاحـە لـە دنیـادا و بۆتـە نیشـتمانی هەنـدێ لـە گـەورە تریـن کۆمپانیـا تەکنەلۆژییەکانـی دنیـا. سـوپاکەی خـۆی نـوێ کردۆتـەوە و بـە نیـازی ئـەوەی ببێتـە هێزێکـی جەنـگاوەری پلـە یەکـەم. لـە سـەردەمی سـەرۆک (شـی)دا حزبـی کۆمۆنیسـتی چیـن لـە ناوخـۆدا زیاتـر سـەرکوتکەر و لـە دەرەوەش زیاتـر شـەڕانگێزتر بـووە.

بەهێزترین روخسـاری ئەمەریکا و ئەفسـوناوی ترینیان ئەوەیـە کـە ئێمـە هەمیشـە دەرگامـان کـراوە بـووە بـۆ بەهرەمەندەکانـی هەمـوو دنیـا. ئـەم قسـەیەش ملیۆنەهـا هاوڵاتـی چیـن دەگرێتـەوە. ئێمـە تەنهـا لـە مـاوەی چـوار مانگـی رابـووردوودا پتـر لـە ١٠٠ هـەزار ڤیزامـان بەخشـیوە

بـەو خوێنـدکارە چینیانـەی کـە ئارەزوومەنـدی هاتــن بـۆ ئەمەریـکا بـوون بـۆ خوێنـدن ئەمـە سـەرباری ئـەوەی کـە پەتـای کرۆنـا لـە گۆڕێـدا بـوو، ٨٠٪ی ئەمانـە بـۆ خوێندنـی دکتـۆرا هاتـوون لـە زانسـت و تەکنەلۆژیـادا. هەمـوو ئەمانە پشــتیوانی ئەمەریــکا دەبــن لــە پێشخســتن و پاڵنانــی داهێنـان لـە ئەمەریـکا. ئێمـە کێشـەو ململانێمـان لەگـەڵ حزبـی کۆمۆنیسـتی چیـن هەیـە، بـەڵام ئەمـە تەنهـا لـە نێــوان حکومــەت و سیســتەمەکاندا هەیــە، نــەک لــە نێـوان گەلانـدا.

# سەروتاری رۆژنامەی (گەل) ی چینی

وەک وەڵامێـک بـۆ وتەکانـی بلینکـن، رۆژنامـەی گـەل، نوسـینێکی ورد و درشـتی لەسـەر لێدوانەکانـی ناوبـراو بـڵاو کـردەوە و دەڵێـت : ئەنتۆنـی بلینکـن لـەم دواییانـەدا وتاریکـی سـەبارەت بـە سیاسـەتی وڵاتەکـەی لەمـەڕ چیـن پێشکەشـکرد. لـە وتارەکەیـدا ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکات کە چین (گەورەتریـن مەترسـیی درێـژ مەودایـە) بـۆ سـەر سیسـتەمی نێـو دەوڵەتـی. ئـەم وتـارە ئـەوەی فەرامـۆش کـردووە کـە چیـن هەمیشـە بەرگریکارێکـی بەهیـز بـووە بـۆ سیسـتەمی نێودەوڵەتـی، لـە کاتێکـدا ئەمریـکا خـۆی سـەرچاوەی ئـاژاوە و گێرەشـێوێنی بـووە بـۆ سیسـتەمی نێودەوڵەتـی.

- چیـن وەکـو ئەندامێکـی هەمیشـەیی ئەنجومەنـی ئاسایشـی نیـو دەوڵەتـی، پشـتیوانی بنەمـاو بەندەکانـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان بـووە. یـەک سیسـتەمی جیهانـی هەیـە کـە نەتـەوە یەکگرتـووەکان نوێنەراتـی دەکات و لەسـەر بنەمـای یاسـای نیـو دەوڵەتـی راوەسـتاوە هەروەهـا لـە دنیـادا یـەک بنەمـای پەیڕەوکـراو هەیـە کـە ئەویـش بنەماکانـی پەیوەندییـە نیـو دەوڵەتییەکانـە و لەسـەر بناغـەی بەندەکانـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان دانـراوە.

- چیـن پتـر لـە ٥٠ هــەزار سـەربازی خۆیـی خسـتۆتە خزمــەت نەتــەوە یەکگرتــووەکان بـۆ پاراسـتنی ئاشـتی ئەمـەش وایکـردووە کـە چیـن یەکەمیـن دەوڵـەت بێـت لـە نـاو ئەندامـە هەمیشـەییەکانی ئەنجومەنـی ئاسایش کـە ئەو ژمـارە زۆرە سـەربازە بخاتـە خزمـەت نەتـەوە یەکگرتـووەکان، هەروەهــا دووەم دەوڵــەت بێــت لــە بەشــداریکردنیدا لــە ئۆپراسـیۆنەکانی ئاشـتی پارێزیـدا.

- چیـن ئەندامـە لـە ٢٠ رێکەوتننامـەی نێودەوڵەتیـدا بـۆ کـەم کردنـەوەی چـەک و بەکارهێنـان و بازرگانیـدا، هەروەهـا ئەندامـە لـە رێکەوتننامـەی سنورداركردنی چەکـی ئەتۆمـی.

- چیـن پتـر لـە ٢.١ ملیـار ڤاکسـینی دژی پەتـای کۆڤیـد ١٩ بەخشـیوە بـە کۆمەڵـگای نێـو دەوڵەتــی.

- چیـن بـە پەرۆشـەوە کاری کـردووە بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی پەنـگ خواردنـەوەی گەرمـی.

- دەستپێشــخەری نوانــدووە لــە چەندیــن بــواری تــردا لەوانـە (دەستپێشـخەری ئاسایشـی داتـا نیـو دەوڵەتییەکان)، پەرەپێـدان و گەشـەپێدانی نێودەوڵەتــی.

- ئــەو سیســتەمە نێــو دەوڵەتییــەی ئەمریــکا باســی دەکات، تەنهــا سیســتەمێکی گەلەکۆمەیــە کــە ئەمەریــکا و ژمارەیەکــی کــەم لــە دەوڵەتــان دایانڕشــتووە و دەیانــەوێ شــەرعیەتی پێبــدەن و بیســەپێنن بەســەر جیهانــدا.

- ئەمەریـکا هەتـا ئێسـتاش خـۆی بـە ئەقڵیەتـی جەنگـی سـاردەوە بەسـتۆتەوە و دوای لۆژیکـی هەژمـون خـوازی کەوتـووە، بانگەشـە بـۆ سیاسـەتی جەمسـەر گەرایـی دەکات، کـە ئەمـەش ئاراسـتەیەکی پێچەوانـەی رەوتـی مێـژووە و ئاکامەکەشـی تەنهـا ململانـێ و روبەڕوبونـەوە و دابەشـکردن و پەرتـەوازە بوونـی کۆمەڵـگای نیـو دەوڵەتـی لێدەکەوێتـەوە.

لای هیـچ کـەس شـاراوە نیـە کـە ئەمریـکا لەمڕۆدا بۆتـە سـەرچاوەی ئاشـوب و ئـاژاوە کـە ئەمـەش خـۆی لـە خۆیـدا سیسـتەمی نێـو دەوڵەتـی لەنـاو دەبـات و دەبێتـە ئاسـتەنگ بـۆ چەسـپاندنی بنەماکانـی دیموکراسـیەت لـە پەیوەندییـە نیـو دەولەتیەکانـدا.

وەزیـری دەرەوەی چیـن وانـگ یـی لـە مـەڕ وتەکانـی (بلینکیـن)ە وە رایگەیانـد: بۆچونەکانـی ئەمەریـکا سـەبارەت بـە چیـن و هەمـوو دنیـاش هەڵـەی یەکجـار زۆر لـە خـۆ دەگرێـت. دنیـا بـەو جـۆرە نیـە کـە ئەمریـکا وێنـەی دەکات. ئەرکـی هـەرە لـە پێشـینەی کۆمەڵگـەی نیـو دەوڵەتـی ئەوەیە کـە پێکـەوە ژیانـی کۆمەڵگـەی نێـو دەوڵەتـی بپارێـزن، هەوڵـی چەسـپاندنی سـەقامگیری بـدەن، کار بکرێـت بـۆ ئـەوەی کـە کۆمەڵگـەی نیودەوڵەتـی بەگوێـرەی بەندەکانـی نەتەوەیەکگرتـووەکان رەفتـاری لەگەڵـدا بکرێـت.

هەروەهـا گوتـی کارکردنـی بـێ پـەروای چیـن

بـۆ خزمەتکردنـی ١.٤ ملیـار مـرۆڤ خـۆی لـە خۆیـدا خزمەتکردنێکـی گەورەیـە بـە مرۆڤایەتـی نـەک هەڕەشـە و گوڕەشـە وەک ئەمریـکا وێنـای دەکات.

چیـن هیـچ ولاتێـک داگیـر نـاکات و نایکاتـە کۆلۆنـی خـۆی، هەروەهـا برسـێتی و نـەداری بـۆ هیـچ جێگایـەک نابـات، لـە کاتێکـدا ئەمەریـکا لـە دوای جەنگـی دووەمـی جیهانــەوە بەتەنهـا خـۆی ٣٠ جەنگـی بەرپـا کـردووە. کەواتـە کـێ هەڕەشـەیە بـۆ سـەر ئاشـتەوایی جیهانـی؟ لـە رابـووردوودا هـەر ئەمەریـکا بـووە سـەرکوتی ئەڵمانیـا و یابـان و یەکێتـی ئەوروپـای کـردووە، ئێسـتاش چیـن. رەنگە سبەی رۆژە هندسـتان و بەرازیـل نۆرەیـان بێـت. هەتـا دوێنـی بـوو کۆمپانیـای توشـیبای یابانـی و سـتومی فەرەنسـی لە لیسـتی رەشـدا بـوون، ئەمـڕۆش هـواوی، سـبەی رۆژەش رەنگـە نـۆرەی تاتـای هنـدی و ڤالـی بەرازیلـی بێـت. ئەمەریـکا تەنهـا ئەقڵەیەتـی هەژمـوون خـوازی ئاراسـتەی دەکات.

بـەلام سـەبارەت بـە گۆڕینـی چیـن کـە مێژوویەکـی ٥ هـەزار سـاڵ و ١/٤ ملیـار دانشـتوانی هەیـە تـا ڕادەیەکـی زۆر وەهمێکـە لەسـەری ئەمەریـکا، چونکـە ئـەوە ئەمەریکایـە خـۆی بـێ بناغـە و خاوەنـەو دەبێـت ئـەو بگۆڕێـت.

سـەبارەت بـە زەرەرمەندبوونـی ئەمەریـکا ئـەوەش راسـت نیـە چونکـە ئەمەریـکا زیاتـر لـە چیـن سـود مەنـد بـووە

لـە بازرگانییـدا ، ئەمەریـکا ماوەیەکـی زۆرە لەسـەر بناغـەی زاڵبـوون و هەژموونـی دۆلار و پێشـەنگایەتی سیسـتەمی نێودەوڵەتـی کار دەکات، ئەگـەر ئەمەریـکا لـەم سیسـتەمەدا زەرەرمەنـد بێـت ئـەوە ناچێتـە ئەقلـی هیـچ کەسێکەوە کـە ئـەم سیسـتەمەی لـە قازانجـی خەڵکـی تـردا بێـت و بـە زیانـی خـۆی داینابێـت. ئەگـەر زەرەرمەنـد بوونـی ئەمەریـکا راسـتە کەواتـە بۆچـی ئەمەریـکا بەردەوامـە لـەو کارەدا؟ ئایـا سـەرکردەکانی نافامـن یـان درۆ دەکـەن و پەڵـپ و بیانـو بـە چیـن دەگـرن؟

ئایـا فرۆشـتنی چـەک و چۆڵێکـی بێشـومار بـە تایـوان و گرێدانـی پەیوەندییەکـی توندوتـۆڵ لـە گەڵیـدا ناچێتـە نێـو خانـەی دەسـتوەردان لـە کاروبـاری ناوخـۆی چیـن؟ ئایـا وروژاندنـی هەنـدێ بابەتـی تایبـەت بـە هۆنگکۆنـگ و شـینگ گیانـگ و تبـت و باسـکردنی مافەکانـی مـرۆڤ ناچنـە نـاو هەمـان خانـەوە؟

ئـەوەی دەمانەوێـت بـە ئەمریـکای بڵێیـن ئەوەیـە کـە پەیوەندییەکانـی نێـوان چیـن و ئەمەریـکا گاڵتەکـردن و گەمەکردنـی بردنـەوە و دۆڕانـدن نیـە وەک ئـەوەی ئەمەریـکا باسـی دەکات. بەڵکـو چیـن لـەو باوەڕەدایـە ئەگـەر هـەردوولا پێکـەوە بتوانـن لـە پەیوەندییەکانیانـدا مامەڵەیکـی دروسـت بکـەن ئـەوە خزمەتێکـی باشـە بـە هەمـوو مرۆڤایەتـی.

دەبێـت ئەمەریـکا بزانێـت کـە هەژمونـی تـاک جەمسـەری ناگاتــە هیــچ شــوێنێک، گەلــە کۆمەکــە هیــچ ئاکامێکــی باشـی نابێـت. ئێمـە لامـان ئاسـاییە کـە لـە نێـوان چیـن و ئەمەریـکا کـێ بەرکـێ هەبێـت بـەڵام ئـەم کێبەرکێیـە دەبێـت تێکدەرانـە نەبێـت. ئێمـە هەرگیـز لـە بەرامبـەر زۆر و هێـزدا خۆ بەدەسـتەوە نادەیـن، بەوپـەڕی توانـای خۆمانـەوە بەرگـری لـە سـەروەری و ئاسـایش و بەرژەوەندییەکانمـان دەکەیـن.

## بەشی دووەم

# سیاسەتی دەرەوەی وڵاتی چین

بۆچـی چیـن لـە ململانـێ سیاسـی و سـەربازییە نێودەوڵەتیەکانـدا بەشـداری نـاکات؟ بۆچـی لـە دەرەوەی سـنورەکانی خـۆی دەسـت لەکاروبـاری وڵاتانـی دیکـە وەرنـادات؟ بۆچـی لایەنگری هیـچ لایەنێـک لەسـەر حسابی لایەنێکـی دیکـە نـاکات؟ ئـەو دەوڵەتـەی کـە خاوەنـی دووەم ئابـوری مەزنـە لـە جیهانـدا چـۆن مامەڵـە لەگـەڵ روداوەکانـدا دەکات؟ هەڵوێسـتی چۆنـە لەهەمبـەر ئـەو جەنـگ و ئاشـوبانەی لـە جیهانـدا بـە گشـتی و لـە خۆرهەڵاتـی ناویـن بـە تایبەتـی سـەرهەڵدەدەن؟

چیـن دەخوازێـت لـە تـەواوی ململانـێ نێودەوڵەتیەکانـدا هەڵوێسـتێکی هاوسـەنگی هەبێت. بـە پێچەوانـەی زۆرێک لە دەوڵەتانـی جیهـان، دەوڵەتـی چیـن ئایدیۆلۆژیـای نەکردۆتـە پێـوەر بـۆ گرێدانـی پەیوەندییـە نێودەوڵەتیـەکان. لـە کاتێـکدا ئەمەریـکا لـە هەمـوو بستێکی جیهانـدا شـەڕ بـۆ پاراسـتنی

بەرژەوەندیەکانی خۆی دەکات و هەوڵ دەدات ناسنامەی خۆی پتەو بکات، ئەوروپا وێڵە بەشوێن پاراستنی یەکێتی خۆیدا. روسەکان لە ئایندەی ئابوری خۆیان دەترسن و عەرەبەکانیش لەهەموو کات زیاتر لاوازترن و دەیانەوێت پارێزگاری لەو تۆزە کەرامەتەی خۆیان بکەن کە بۆیان ماوەتەوە!

بە پێچەوانەی هەموو ئەمانەوە حزبی شیوعی و چین بەردەوامن لەسەر پەرەسەندن و گەشەسەندنی خۆیاندا، چینیەکان وەک روسەکان و فلادمیر پۆتن، هەوڵ نادەن ناونیشانی لاپەڕەی یەکەمی رۆژنامەکان پڕ کەنەوە، وەکو ترامپ و ئەردۆگانیش شەڕە قسە و چەلەحانێ ناکەن. چین وەکو واشنتن و مۆسکو خۆی لە جەنگەکانی ئەودیو سنورەکانی خۆیەوە ناگلێنێت و لە رێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانیشەوە بیرو باوەڕ و سیاسەتی خۆیان بەیان ناکەن. چینیەکان ئەمێستاکە بەشوێن ئارامی و جێگیربوونی باری ئاسایشی دنیا دەگەڕێن بۆ ئەوەی نەخشەکانی ئایندەی خۆیان بەرنە سەر. ئەمڕۆ بڕی یەدەگی دراوی بێگانە لە کن چینەکان٣١٠٠ ملیار دۆلارە.

## بنەماکانی سیاسەتی دەرەوەی چین

سیاسـەتی دەرەوەی چیـن لەسـەر سـێ بنەمـای سـەرەکی دەوەسـتێت، کـە ئەمانـەی خـوارەوەن:

**یەکەم** - کۆڵەکـەی یەکەمـی سیاسـەتی دەرەوەی چیـن لـە پێنـج خاڵـی گرنگـدا چڕ دەکرێتـەوە کـە ئەمانـە (پێکـەوە ژیانــی ئاشــتیانە، دەســتوەرنەدان لــە کاروبــاری ناوخــۆی وڵاتانــی دیکــە، بــەکار نەهێنانــی هێــز، هەڕەشــەکردن لــە بەکارهێنانــی هێــز، وابەســتە نەبــوون بــە جەمســەرگیری لــە پەیوەندییــە نێــو دەوڵەتیــەکان).

**دووەم** - پەیڕەوکردنــی ســتراتیژی کرانــەوە لەســەر بنەمــای بەرژەوەنــدی هاوبــەش. چیــن پەرۆشــە بــۆ ئــەوەی بەرژەوەندیــە هاوبەشــەکانی خــۆی بپارێزێــت و کێکــی بەرژەوەنــدی هاوبــەش گەورەتــر بــکات. چیــن هەرگیــز حــەز نــاکات لەســەر حســابی لایەنەکانــی تــر بەرژەوەندیەکانــی خــۆی پەرەپێبــدات. هەروەهــا سیاســەتی پەیوەندیەکانیشــی لەگــەڵ وڵاتــە هاوسـێکانیدا هاوسـەنگ و دور لـە هەڵچـوون و داچوونــە.

**سێیەم** - چیـن هەمیشـە لەگـەڵ چارەسـەرکردنی کێشـە و ململانێکانـە بـە ڕێـگای ئاشـتی و گفتوگـۆ و دانوسـتان، و

دۆزینــەوەی زەمینــەی هاوبــەش و پێکــەوە کارکــردن.

ئــەم سێ بنەمایــە تایبەتــن بــە سیاســەتەکانی دەرەوەی وڵات، بــەڵام چیــن هەرگیــز دەســتبەرداری بەرژەوەندیەکانــی خــۆی نابێــت، کــە لــە پلــەی یەکەمــدا بریتیــن لــە پاراســتنی ســەروەری وڵاتــی چیــن و ســەلامەتی خاکەکــەی و یەکێتــی نیشــتیمانی و ســەقامگیری سیســتەمە سیاســیەکەی کــە لــە حزبــی شــیوعی چینــی و سیســتەمی ســەرمایەداری دەوڵەتیدا بەرجەســتە دەبێــت. بــۆ بەدەســتهێنانی ئــەم ئامانجانــەش چیــن بایەخێکــی زۆر گــەورە بــە خەرجــی ســەربازی دەدات و بەهیــچ شــێوەیەک نەرمــی لەســەر مەســەلەی تایــوان نانوێنێــت و رێــگا بــە جیــا بوونــەوەی نــادات، چونکــە ئەگــەر ئەمــە رووبــدات ئــەوە چەندیــن کەمایەتــی دیکــەی نــاو چیــن هەمــان داخــوازی و هەمــان کار دەکەنــەوە.

چیــن ســەبارەت بــە مەســەلەی تایــوان لــەو باوەڕەدایــە کــە پرســێکی ناوخۆیــی چینــە و نابێــت هیــچ لایەنێکــی نێودەوڵەتــی دەســتوەردانی تێــدا بــکات، مەســەلەی تایــوان بــۆ چیــن بــەردی بناغــەی سیاســەتی دەرەوەیەتــی. ســەردانی ســەرۆکی پەرلەمانــی ئەمەریــکا نانســی بلوســی بــۆ تایــوان لــە مانگــی ئۆگستۆســی ٢٠٢٢ مایــەی نیگەرانــی چیــن بــوو. وەزارەتــی بەرگــری چیــن لــە لێدوانێکیــدا لــەو بــارەوە رایگەیانــد کــە (هەمــوو هەوڵێکــی تــەواوی خۆمــان دەدەیــن

بـۆ ئــەوەی بــە شــێوەیەکی ئاشــتیانە تایــوان بگەڕێنینــەوە و یەکگرتنــەوەی ئاشــتیانە دەســتە بــەر بکەیــن، بــەڵام لەهەمــان کاتــدا هەرگیــز واز لــە بەکارهێنانــی هێــز ناهێنیــن، ئــەو بژاردەیــە هەمیشــە هەڵدەگریــن و لــە کاتــی خۆیــدا چــی پێویســت بێــت ئەنجامــی دەدەیــن).

راســتە بنەمــا ســەرەکییەکانی سیاســەتی دەرەوەی چیــن بریتیــن لــە رێزگرتنــی ســەروەری دەوڵەتــان و دەســتێوەرنەدان و رێزگرتنــی رێســا بنەڕەتییەکانــی پەیوەندییــە نێــو دەوڵەتیــەکان، بــەڵام پیداگرتنــی چیــن لەســەر سیاســەتی خــۆی دەبێتــە هــۆکاری ئــەوەی کــە هەرگیــز پێشــبینی هەڵوێســت و سیاســەتەکانی ئاینــدەی نەکرێت، ئــەم بنەمایانە دەکرێــت بــە گوێــرەی رووداوەکان گۆڕانکارییــان بەســەردا بێــت، بــە تایبــەت چیــن لــە ســەردەمی شــی جینگپینــگ لــە دیدگایەکــی جیوسیاســییەوە دەڕوانێتە تەکنەلۆژیــا و داهێنان کــە مەبەســتێتی پێشــبڕکێ و بەدەســتهێنانی پێشــەنگایەتی و کــێ بڕکێــی نێــو دەوڵەتــی لــە دەســتی خۆیــدا بــن.

## ئالنگارییە دەرەکیەکان:

آ- ستراتیژی پەیمانی ناتۆ دژ بە (چین)ە، ناتۆ لە کۆنگرەی لوتکەی خۆیدا لە مەدرید لە کۆتایی ٢٠٢٢ دا چین وەکو ئالنگارییەک تەماشا دەکات بۆ سەر ئاسایش و بەرژەوەندی ئەندامانی ناتۆ.

ب- هەوڵی بەردەوامی ئەمەریکا و هەندێ لە هاوپەیمانە ئەوروپی و ئاسیاویەکانی بۆ کپکردنەوەی هەژمون (ئیحتیوا)ی چین و ئاستەنگ دروستکردن لە بەردەم پێشکەوتنیدا. ئەمەش لە زیندو کردنەوەی گفتوگۆی چوارقۆڵی ئاسایش (هاوپەیمانی کواد) رەنگی دایەوە، کە هەریەکە لە هندستان و ئوسترالیا و بەریتانیا و ئەمەریکا دەگرێتەوە، جگە لە رێکەوتنی ئۆکوس لە نیوان ئوسترالیا و بەرتیانیا و ئەمەریکا و نیوزەیلاند. هەروەها ئەمەریکا لەگەڵ هاوپەیمانەکانی خۆیدا لەو ناوچەیە دەست پێشخەری (هاوبەشی هەردوو ئۆقیانوسی هندی و پاسفیک بۆ هۆشیاری دەریایی) راگەیاند.

ج- هەوڵی خۆرئاواییەکان بۆ وروژاندنی هەندێ دۆستێی ناوخۆیی چین وەک بیانویەک بۆ دەست وەردان لە کاروباری چین. لەوانەش دۆسێی تایوان و بارودۆخی هۆنگ کۆنگ و شینگ یانگ و مەسەلەی مافەکانی مرۆڤ و ئیگۆڕەکان.

# سوپا

کۆنگرەی نۆزدەیەمی حزب کە لە ئۆگستۆسی ٢٠١٧ بەسترا، نەخشەڕێگای نوێکردنەوەی سوپای دارشت، بۆ بەرزکردنەوەی توانا ئۆپەراسیۆنەکانی سوپا تا ببێتە سوپایەک لە ئاستی پلە یەکەمدا. شی جینگپینگ لە وتەکەی خۆیدا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە (پەلە بکرێت لە بنیات نانی سوپای گەل بۆ ئەوەی بکرێتە سوپایەک لە پلەی یەکەمی جیهاندا بێت. ئەمەش لە کارە هەرە ستراتیژییەکانە بۆ بنیات نانی دەوڵەتێکی سوشیالیستی نوێ).

هەروەها لە کۆنگرەی نۆزدەیەمدا جەخت لەسەر نەخشە رێگایەکی ستراتیژی کرایەوە بۆ ئەوەی سوپا خاوەنی روئیایەکی تایبەت بە خۆی بێت و بتوانرێت بە تێپەڕبوونی ساڵی ٢٠٣٥ سەراپای توانا سەربازییەکانی نوێ بکرێتەوە (Fully Modernized Power) و بە تێپەڕبوونی ساڵی ٢٠٥٠ سوپای چین بگاتە ئاستی لوتکە (Top Tier).

لەسەر ئاستی پراکتیکی دوانەی حزب و حکومەت پێکەوە بۆ ئەم ئامانجە کار دەکەن و لیژنەیەکی سەربازی هاوبەشی حزبی و سەرۆکایەتی گشتی سوپا پێکەوە بە

فەرمانــی ســەرۆکایەتی حــزب کار بــۆ ئــەو ئامانجــە دەکــەن، چونکــە لــە بنەڕەتــدا حزبــی کۆمۆنیســتی چیــن بــاوەڕی بــە دروشــمی (حــزب تفەنــگ ئاراســتە دەکات)، هەیــە.

ســەنترالّیزە بوونــی حــزب لێــرەوە بــە جوانــی خــۆی نمایــش دەکات، چونکــە ســەرۆکی حــزب و ســەرۆکی وڵات و فەرمانــدەی گشــتی هێــزە چەکدارەکان هــەر یــەک کەســە و هــەر ئەویــش لــە وتــاری کۆنگــرەدا جەختــی لەســەر ئــەوە کــردەوە کــە (چیــن پایەکانــی حــزب لەنــاو ســوپا بەهێــز بەهێــز دەکات ئەمــەش لــە پێنــاو دەستەبەرکردنی گوێڕایەڵــی و ملکەچــی ســوپا بــۆ حــزب). بەمــەش ســوپای زەبەلاحــی چیــن دەکرێتــە ســوپایەکی ئایدیۆلــۆژی و عەقیــدەی سەربازیشــی هەمــان عەقیــدەی حــزب دەبێــت، بەمجــۆرە بــۆ هەتایــە رێــگا لــە هــەر کــەرت بــوون یاخــود یاخــی بوونێکــی ســوپا دەگیرێــت بەرامبــەر بــە حــزب و دەوڵــەت.

چیــن لــە پێشــبڕکێ ی چــەک و خۆپڕچەککردنــی جیهانیدا بەشــدار نابێــت، بەڵکــو بــە پێچەوانــەوە چیــن سیاســەتی ســەربازی (بەرگــری لەخۆکــردن) دەگرێتــە بــەر و زیاتــر بایــەخ بــە پاراســتنی ســنورەکانی خــۆی دەدات و هــەوڵ دەدات بەهیــچ کلۆجێــک فرســەتێک بــۆ ســەرهەڵدانی لەتبوونــی نیشــتیمانی و بانگــەوازی ئایینــی و رەگــەز و نەتەوەیــی نەهێڵێتــەوە. چیــن لــە دوای ئەمەریــکاوە بــە پلــەی دووەم

دێت لە جیهاندا لەرووی خەرجی سەربازییەوە، بەڵام جیاوازییەکی زۆر گەورە هەیە لەنێوان بڕی خەرجیەکانی هەردوولا. ئەمەریکا ساڵی ٢٠١٤ بڕی ٥٨١ ملیار دۆلاری سەرف کردووە، لە کاتێکدا چین تەنها ١٢٩ ملیار دۆلاری لە خەرجیی سەربازیدا سەرف کردووە، هۆکاری سەرەکی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشت و رواڵەتی بەرگریکردنی سەربازی چین بەرامبەر بە سیاسەتی هێرشکردن کە ئەمەریکا پەیڕەوی دەکات.

# چین و بۆشایی ئاسمان

لـە ئێسـتادا شـەش زلهێـزی گـەورە لـە دنیـادا هـەن، کـە هێزەکانیـان زۆر باڵاتـرە لـە هێـزی وڵاتانـی دیکـەی دنیـا؛ ئەوانیــش بــە ریزبەنــدی ئەمانــەن: (ئەمەریــکا و روســیا و چیــن) ئەمانـە زلهێـزی گـەورەن لـە بـواری بۆشـایی ئاسـمان، لــە دوای ئەمانیــش هەریەکــە لــە یابــان و ئەورووپــا (کــە فەرەنسـا لـەو بـوارەدا پێشـەنگایەتی دەکات) و هندوسـتان، کـە ئەمانـەش زلهێـزی ئـەو بـوارەن، کـە لـە پلـەی دووەمـدا دێــن

کێبەرکێیەکـی سـەخت لـە نێـوان سـێ زل هێزی بۆشـایی ئاسـمان لـە گۆڕیدایـە، کـە ئەوانیــش (ئەمەریـکا، روسـیا و چیــن)ن، ئەمــەش لــە پێنــاو هەژمــون و دەســەڵاتگرتن بەسـەر ئـەم رەگـەزە گرنگـەی هێـزی سـتراتیژی بـە هەمـوو رەهەنـدە تەکنەلـۆژی و ئابـوری و سـەربازییەکانی هەریەکـە لـەم سـێ دەوڵەتـە.

پێشــبینی دەکــرا پێگــەی ئەمەریــکا لــەم کێبەرکێیــەدا بــۆ ئاینــدەی نزیــک و ناوەنــد هەتــا ســاڵی ٢٠٥٠ بەبــێ چەندوچـوون وەک خـۆی لـە پێشـەنگیدا بێـت، بـەڵام ئـەم گریمانەیــە لەگــەڵ گەشەســەندنی هێــزی چیــن لــەڕووی

ئابووریـــەوە لاوازبـــوو، بـــە تایبـــەت کـــە چیـــن هەنـــدێ تەکنەلۆژیـــای پێشـــکەوتووی خۆماڵـــی پێشخســـتووە کـــە خۆرئاواییـــەکان نیانـــە.

پێشـــبینی ئـــەوەش دەکرێـــت کـــە ریزبەنـــدی ئـــەو ســـێ وڵاتـــە گۆڕانـــی بەســـەردا بێـــت و چیـــن ریزبەنـــدی دووەم بۆخـــۆی ببـــات و روســـیاش بـــۆ ریزبەنـــدی ســـێیەم پاشەکشـــە بـــکات.

بایەخـــی بۆشـــایی ئاســـمان لـــە چوارچێـــوەی ململانێـــی زلهێزەکانـــدا لـــە رووی ســـتراتیژی و ئابـــوری و ســـەربازی لـــە ســـێ رەگـــەزدا خـــۆی دەبینێتـــەوە:

**یەکـەم ـ** پیشەســـازی بۆشـــایی و ئاســـمان و توانـــا تەکنەلۆژیەکانـــی ئـــەو بـــوارە بـــە ئاراســـتەیەکە کـــە ســـودی دەبێـــت بـــۆ بەڕێوەبردنـــی ئابـــوری و پەرەپێـــدان.

**دووەم ـ** کێبەرکێـــی ســـەربازی و بەدەســـتهێنانی توانـــای لەناوبـــردن یاخـــود پەکخســـتنی تواناکانـــی دوژمـــن لـــە بەڕێوەبردنـــی ئابـــوری بۆشـــایی ئاســـمان و تواناکانـــی و هەمـــوو تەکنەلۆژیـــای کەڵەکـــە کـــراو لـــە مانگـــی دەســـتکرد و وێســـتگەکانی ئـــەو بـــوارە.

**سێیەم ـ** هەوڵـــدان بـــۆ دەستبەســـەرا گرتنـــی هەمـــوو ئـــەو مـــادەو خامانـــەی کـــە رەنگـــە لـــە بۆشـــایی ئاســـمان و ئەســـتێرەکانی تـــردا هەبـــن، لەوانـــەش بەدەستخســـنی وزەی

بێکۆتایـــی کـــە لەوانەیـــە کۆبکرێتـــەوەو ئاراســـتەی زەوی بکرێـت، جگـە لـە ئەگـەری ئاوادانکردنـەوە و نیشـتەجێبوون لــە مانــگ و ئەســتێرەکاندا.

١- پەرەپێدانــی چەکــی دژ بــە مانگــە دەســتکردەکان لەلایــەن (چیــن)ەوە:

چیــن دەســتیکردووە بــە پەرەپێدانــی پرۆگرامــی سـەربازی تایبـەت بـە بۆشـایی ئاسـمان، بـە شـێوەیەک لـە ئێســتادا توانــای پەکخســتن یاخــود تێکشــکاندنی مانگــە دەسـتکردەکانی خۆلگەی هەیە. چین سـاڵی ٢٠٠٧ سـەلماندی کــە لــە خۆلگــەی نزیکــدا توانــای تێکشــکاندنی مانگــە دەسـتکردەکانی هەیـە، ئەمـەش بـە تێکشـکاندنی یەکێـک لە مانگـە دەسـتکردە خانـە نشـین کراوەکانـی خـۆی کـە تایبـەت بـوو بـە چاودێـری رەوشـی ئـاو وهـەوا لـە بەرزایـی نزیکـەی ٨٥٠کلـم. بـە گوێـرەی زانیـاری چاودێـران چیـن لـە ئێسـتادا ئامـادەکاری دەکات بـۆ تاقیکردنـەوەی چەکێکـی تابـەت بـە تێکشـکاندنی مانگـە دەسـتکردەکان لـە خۆلگـەی جوگرافـی چەسـپاو (نزیکـەی ٣٥.٨٠٠)کلـم دوورە، یاخـود لـە خۆلگـەی ناوەنـدی کـە (٢٠.٠٠٠) کلـم دورە.

چاودێرانــی ئەمەریــکا لــەو بــاوەڕەدان لــە ســالی ٢٠٢٠ بــەدواوە چیــن توانیویەتــی مامەڵــە لەگــەل بۆنیــادی (بۆشـایی ئاسـمانیی) ئەمەریـکادا بـکات کـە ئەمـەش بـۆ

خـۆی ئەگەرێکـی هەڕەشـەیە.

چەنـد ڕەهەندێـک هـەن بـۆ بەدەستخسـتنی هێـزی سـتراتیژی لەبۆشـایی ئاسـمان، چیـن لەهەمـوو ئـەو ڕەهەندانـەوە کاری خـۆی دەکات. هەندێـک لـە بوندیـادی ئەو هێـزە بەرنامەیەکـی ناوەنـد یاخـود دوورمەودایـە کـە چیـن پەیـڕەوی دەکات بـۆ ٢٠٥٠، بەشـێکی تریـش لـەو بونیـادە لـە مـەودای نزیکـی سـاڵی ٢٠٣٠دایـە.

ئامانجـی ئـەم مانگانـە بـە شـێوەیەکی تایبـەت بریتیـە لـە چاودێـری و بەدواداچوونـی جموجـۆڵ و چالاکییـە دەریاییەکانـی ئەمەریـکا و دەوڵەتـە هاوپەیمانەکانـی وەکـو تایـوان و هندسـتان و یابـان لـە ناوچـەی باسـیفیکی. مانگەدەسـتکردەکانی کەشـتیوانی و دیدەبانـی لـە چوارچێوەی ئـەم کـردەوە سـتراتیژیانەدان. بـەم توانـا پێشـکەوتوانەوە، چیـن تێکـڕای هەڵدانـی مانگەدەسـتکردەکانی خـۆی زیادکـردووە، لـە ١٢ ئەرکـی سـەربازیەوە لـە نێـوان سـاڵانی ٢٠١٠-٢٠١٢ بـۆ پـازدە ئـەرک زیادکـرا. بەگوێـرەی نەخشـەی پەیڕەوکراوبـۆ سـاڵی ٢٠٢٠ ئـەم ئەرکە سـەربازیانە سـەردەکەون بـۆ ٣٠ئـەرک، کە هەمووشـیان لـە ڕێـگای مانگی دەسـتکردەوە دەکرێـن. پسـپۆڕانی ئـەو بـوارە لـەو بـاوەڕەدان کـە ٧٠٪ی ئـەو مانگـە دەسـتکردانەی کـە چیـن هەڵیـان دەدات پەیوەندییـان بـە ئەرکـی سـەربازیەوە هەیـە.

سـەرەتای سـاڵی ٢٠١٩بـە هەڵدانـی ڕۆکێتـی قورسـی لۆنـگ مـارش-٥ کـە مەکـۆی (شـانگ-ئەی-٥)ی هەڵگرتبـوو، ئیتـر چیـن بـوو بـە خاوەنـی ڕۆکێتـی زەبەلاحـی خـۆی. ئـەم ڕۆکێتـە دەتوانێـت مانگـە دەسـتکردە قورسـەکان هەڵبگرێـت، جـا ئایـا مانگـی دیدەبانـی بـن یاخـود، گوێڕادێـری و چاودێری پەیوەندیـەکان بـن.

بـە گوێـرەی ڕاپۆرتـی سـاڵانەی پەنتاگـۆن لـە دیسـێمبەری ٢٠١٦ چین هێزی پشـتیوانی سـتراتیژی (Strategic Support Force) تـازەی دروسـتکردووە، کـە تیایـدا تواناکانـی خـۆی لـە بوارەکانـی بۆشـایی ئاسـمان و سـیبرانی و ئەلکترۆنـی پێکـەوە لـە یـەک هێـزی بۆشـایی ئاسـماندا گرێـداوە.

# سیاسەتی ئابوری چین

لەمـاوەی ٣٠ سـاڵدا چیـن بازدانێکـی ئابـوری زۆر گرنگـی بەخـۆوە بینـی. ئـەو چاکسـازیانەی کـە سـەرۆک دنـگ شـیاو بینـگ لـە نێـوان (١٩٩٢/١٩٧٨) ئەنجامیـدان بـووە هـۆکاری ئـەوەی کـە ئابـوری چیـن زۆر بـە خێرایـی گەشەسـەندن بـە خـۆوە ببینێـت. لـە کاتێکدا چین بەڕێـژەی ٨٪ گەشەسـەندنی ئابـوری بەدەسـت دەهێنـا، وڵاتانـی خۆرئـاوا زۆر بـە هێواشـی پەرەیـان دەسـەند. ئەمەریـکا لـەوە دەترسـێت کـە هەژموونـی ئابـوری و سـەربازی جیهـان لـە خۆرئـاواوە بکەوێتـە دەسـتی خۆرهـەڵات. چیـن وڵاتێکە پەیـڕەوی چەمکە شارسـتانیەکانی خۆرئـاوا نـاکات و هاوشـێوەی یابـان وڵاتێکـی دیموکراسـی نیـە، جگـە لـەوەش ژمـارەی دانیشـتوانی چیـن بەتەنهـا خـۆی بەهێنـدی هەمـوو دانیشـتوانی خۆرئاوایـە.

ئەمەریـکا، ئامـادە نیـە ئابـوری چیـن ئاوێتە بـکات لەگەڵ سیسـتەمی ئابـوری جیهانـی. ئەمـەش وادەکات بـەردەوام چیـن بیـر لـە رێـگای کێبەرکـێ و ئەگـەرو پێشـهاتە دوورەکان بکاتـەوە. هـەر لـەم سۆنگەیەوە چیـن رەفتـار دەکات و هـەوڵ دەدات ئاسایشـی خۆراکـی خـۆی بەدەسـتبێنێت. هـەر بۆیـە هـەوڵ دەدات کانـە خەڵـوزەکان و بیـرە نەوتـەکان و ملیۆنەهـا

هکتـار زەوی لەدەوڵەتانـی دنیـا بکڕێـت.

ســاڵی ۲۰۰۱ چیــن ســتراتیژی دەرچــوون ( الخــروج) ی پەیـڕەو کـرد. کۆمپانیـا دەوڵەتیەکانـی چیـن بـە پشـتیوانی بانکـە حکومیـەکان و سـەندوقە سـیادیەکان هەسـتان بـە کڕینــی پشــکێکی زۆر لــە کێڵگــە نەوتیەکانــی ســودان و بەنـگلادش و فەنزویـلا و کەنـەدا. هەروەهـا کانـە مسـەکانی شـیللی و پیـرۆ، جگـە لـە کڕینـی زەوی گونجـاو بـۆ کشـتوکاڵ لــە کازاخســتان و پاکســتان و مــەلاوی. لــەم بــارەوە دامـەزراوەی نیشـتیمانی چیـن بـۆ پترۆلـی دەریـا (سـنوک) لــە ســاڵی ۲۰۱۲ توانــی بــە بــڕی ١٥/١ ملیــار دۆلار دەســت بەسـەر کۆمپانیـای نیکسـۆنی کەنەدیـدا بگرێـت. پێنـج سـاڵ دوای ئـەوە کۆمپانیـای پترۆکیمیـاوی دەوڵەتـی چیـن (کیـم چاینــا) توانــی بــە ٤٣ ملیــار دۆلار، دەســت بەســەرگروپی کۆمپانیاکانـی (سـینگینتا)ی سویسـریدا بگرێـت کـە تایبەتـە بەبەرهەمهێنانــی تــۆ و پەینــی کیمیــاوی. هەروەهــا لــە ڕێــگای بانکــی چینــەوە گروپــی کۆمپانیاکانــی کوســکۆی چیـن کـە تایبەتـە بـە گواسـتنەوەی دەریایـی توانـی خـۆی بکاتــە هاوبەشــی کۆمپانیــای (OOCL) و بەمجــۆرەش ببێـت بـە خاوەنـی گەورەتریـن گەلەکەشـتی گواسـتنەوەی دەریایـی. لـە سـاڵی ۲۰۱۹ بـەدواوە چیـن بـوو بـە یەکـەم دەوڵەتـی قۆرغـکاری گواسـتنەوەی دەریایـی کۆنتەینـەرەکان.

چیــن ئەمڕۆکــە وەبەرهێنــان لــە ٥٠ بەنــدەری گــەورەی دنیــادا دەکات، بـۆ نمونـە ڕێـژەی ٣٥٪ پشـکەکانی بەنـدەری ڕۆتەردامـی هۆڵەندا و ٢٠٪ی پشـکەکانی بەنـدەری ئەنتوێرپنی بەلجیـکا و هەمـان ڕێژەشـی لـە بەنـدەری هامبۆرگـی ئەڵمانیـا هەیـە. ئەمـڕۆ چیـن ٤٢ بەنـدەری دەریایـی لـە ٣٤ دەوڵەتـدا هەیـە کـە شـەش لـەو دەوڵەتانـە ئەندامـی پەیمانـی ناتـۆن (ئیسـپانیا، یۆنـان، هۆڵەنـدا، فەرەنسـا، ئەڵمانیـا و بەلجیـکا). ڕێــگای دەریایــی چیــن چــواردەوری دنیــای تەنیــوە، لــە چینــەوە دەڕوات بــۆ تەنزانیــا لەوێشــەوە بــۆ ســیریلانکا و دواتــر بـۆ بەرازیـل و ئینجـا بـۆ هۆڵەنـدا.

ئەمەریـکا هۆشـداری دەدات لـەوەی کـە ئـەم کارەی چیـن جۆرێکــە لــە ئیمپریالیســتی نــوێ. چیــن تۆمەتبــار دەکات کـە لـە ڕێـگای دبلۆماسـیەتی (تەڵـەی قەرزەکانـەوە) خـۆی دەخزێنێتــە نێــو دەوڵەتــە دواکەوتــووەکان، چونکــە ئەوانــە هەرگیــز ناتوانــن ئــەو قەرزانــە لــە کاتــی خۆیــدا بدەنــەوە و بەهۆیـەوە دەکەونـە ژێـر ڕەحمەتـی سیاسـی و ئابـوری چیـن و دەروازە دەریاییەکانیـان دەبێتـە بەشـێک لـە خاکـی چیـن.

سـەرۆکی چیـن شـی جینگپینـگ دەستپێشـخەرییەکی لە سـەردانەکەی خۆیـدا بۆ کازاخسـتان لـە سـاڵی ٢٠١٣ ڕاگەیانـد بــە نــاوی دەستپێشــخەری (پشــتوێن و ڕێــگا). پشــتوێن واتــای ڕێـگای وشـکانی دەدات و ڕێـگاش هەمـوو کەنـاڵ و

ڕێگا دەریاییەکان دەگەیەنێت. چین هەوڵ دەدات ڕێگای ئاوریشمی کۆن زیندوو بکاتەوە کە چین بە هەموو ئەورووپا دەبەستێتەوە، ئەگەر ئەم پرۆژەیە تەواو بکرێت ئەوا بە ٦٨ دەوڵەتدا تێدەپەڕێت و ٪٦٥ دانیشتوانی دنیا دەگرێتەوە و ٪٤٠ سەراپای داهاتی ناوخۆی ئەو وڵاتانەش پێکدێنێت.

# جەنگی نێوان روسیا و ئۆکرانیا

چیـن رەخنـە لـە ئەمریـکا دەگرێـت و لـەو باوەڕەدایـە ئەمریـکا و خۆرئـاوا – نـەک روسـیا – هـۆکاری راسـتەقینەی ئـەو جەنگـەن و لـە رێـگای سـەپاندنی سـزای ئابـوری و ناردنـی چـەک بـۆ ئۆکرانیـا زیاتـر ئاگـری ئـەو جەنگـە خـۆش دەکـەن.

**ئایـا سیاسـەتی دەرەوەی چیـن گۆڕانـکاری بەسـەردا هاتـووە؟**

سـێ بنەمـای سـەرەکی وەکـو بـەردی بناغـە بـوون بـۆ سیاسـەتی دەرەوەی چیـن، ئەوانـەش:

١- دەستوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆی وڵاتان.

٢- پارێزگاری لە ئاسایش و ئارامی وڵاتان.

٣- رەتکردنـەوەی بەکارهێنانـی هێـز لـە سیاسـەتی دەرەوەدا.

**جەنگـی روسـیا دژی ئۆکرانیـا ئـەم بنەمایانـەی پوچـەڵ کردۆتـەوە چونکـە:**

١- چیـن سـەرکۆنەی دەسـتوەردانی روسـیای لـە ئۆکرانیـا نەکـردووە.

٢- ئۆپراسـیۆنە سـەربازییەکانی روسـیای لـە دژی ئۆکرانیـا

بە شێوەیەکی رون و ئاشکرا سەرکۆنە نەکردووە.

٣- ئاسایش و ئارامی ئۆکرانیای بەلاوە گرنگ نەبووە، ئەوەندەی بەلایەوە گرنگ بووە کە چۆن بتوانێت سود مەند بێت لەم جەنگە.

رەنگە چین نیگەرانی ئەوە بێت کە ئەم جەنگە رەنگدانەوەی هەبێت لە داهاتوودا لەسەر پەیوەندییەکانی خۆی و تایوان و نەخوازێت ئەگەری پەنابردنە بەر هێز بۆ یەکلا کردنەوەی پرسی تایوان لە داهاتوودا لەدەست بدات.

چین هێرش دەکاتە سەر خۆرئاوا ئەمە وەکو پارادۆکسی وایە لە هەڵوێستەکانیدا، چونکە چین هێزی ئابوری و دارایی و دبلۆماسی و تەکنەلۆژی خۆی بە پشت بەستن بە خۆرئاوا بنیات دەنێ. چین گەورەترین هاوبەشی بازرگانی دنیای خۆرئاوایە. تەنها ئەوەندە بەسە ئاماژە بەوە بدرێت کە بڕی زیادەی دارایی لە قەبارەی بازرگانی چین لەگەڵ ئەمەریکا تەنها لە ساڵی ٢٠٢١ دا بڕی ٤٠٠ ملیار دۆلاری تێپەڕاندووە لە قازانجی چین.

لە کاتێکدا بەرپرسەکانی چین بانگەشەی ئەوە دەکەن کە هیچ بەرژەوەندییەکیان لەو جەنگەدا نیە، بەڵام لە راستیدا لە ژێرەوە چاویان لەسەر ئەوەیە کە روسیایەکی لاواز ناچار دەبێت مایە ئابورییەکانی خۆی

بەنرخێکی هەرزان و تالآن بخاتە خزمەت چین. بەڵام لەملاشەوە چین نیگەرانی ئەوەیە کە ئەگەر بێتو روسیا لەم جەنگەدا بدۆڕێت ئەوە لە داهاتوودا چین تەنها دەبێت و ناتوانێت وەکو ئێستا سنگی خۆی دەرپەڕێنێت، بۆیە جەنگی ئێستای روسیا و ئۆکرانیا مەترسی جدی بۆ سەر ستراتیژی ئایندەی چین دەبێت، هەر لەبەر ئەوەشە چین ناڕاستەوخۆ پشتیوانی روسیا دەکات. بێگومان یاری کردن لەسەر ئەو دووپەتە (لە لایەک پاراستنی بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ خۆرئاوا و لە لایەکی تریش پشتیوانیکردنی روسیا) هەروا ئاسان نییە بۆ چین، بەڵام چینیەکان بە هیوای ئەوەن هاوشێوەی هەموو جەنگ و قەیرانەکانی پێشوو خۆیان سود مەندی یەکەم بن.

# ئێران و چین

چیـن سـالآنە بایـی ١٠.٧ ملیـار دۆلار نەوتـی خـام لـە ئێـران دەکڕێـت. لـە بەرامبـەردا چیـن پشـتیوانی ئێـران دەکات بـە پێدانـی تەکنەلۆژیـای چەکـی نـوێ ئەمـەش بـە گوێـرەی ئـەو هاوکێشـە زانـراوەی کـە دەڵێـت (نەوتـی ئێـران بەرامبـەر بـە تەکنەلۆژیـای سـەربازیی چیـن). ئەمەریـکا لـە سـاڵی ١٩٩٦ەوە لـە ڕێـگای یاسـای داماتـۆوە سزای تونـدی بەسـەر ئێرانـدا سـەپاندووە، ئەمـەش بۆتـە هـۆکاری ئـەوەی کـە ئێـران و چیـن زیاتـر لـە یەکتـر نزیـک ببنـەوە

سـاڵی ٢٠٠٤ هـەردولا ڕێکەوتنـی بـواری وزەیـان مۆرکـرد کـە بایـی ١٠٠ ملیـار دۆلار بـوو. بەگوێـرەی ئـەو ڕێکەوتنـە ئێـران گازی شـل بـە چیـن دەدات وڕێـگاش دەدات گروپـی کۆمپانیاکانـی سـینوبکی چینـی هەنـدی کێڵگـەی ئێـران گەشـەپێبدەن لەوانـەش کێڵگـەی یـەداوران کـە نزیکـەی ٣ملیـار بەرمیـل یەدەگـی هەیـە

چیـن بـەردەوام پێویسـتی بـە پتـرۆل هەیـە، پترۆلـی هەرزانـی ئێرانـی بـۆ چیـن زۆر گرنگـە، چیـن لـە بـواری سـەربازیدا زۆر پشـتیوانی ئێـران بـووە بـە تایبەتیـی لـە بـواری پێشخسـتی ڕۆکێـت و سیسـتەمی پەیوەنـدی. هەردوو

وڵات ئـارەزووی ئـەوە دەکـەن کـە جۆرێـک لـە هاوسـەنگیی سـتراتیژی لــە ناوچــەی کەنــداو هەبێــت بەرامبــەر بــە ئەمەریـک، کـە دەسـتی بـاڵای هەیـە لـەوێ.

بـە گوێـرەی هەنـدێ راپـۆرت چیـن لـە نێـوان سـاڵانی ١٩٨٧-١٩٩٤ نزیکـەی ٢٠٠ رۆکێتـی لـە جـۆری (C801) داوە بــە ئێــران. لــە دوای جەنگــی دووەمــی کەنــداو چیــن ٦٠ رۆکێتـی دیکـەی لـە جـۆری (C802) داوە بـە ئێـران، هـەردوو ئــەو جــۆرە رۆکێتــە زۆر پێشــکەوتوو بــوون و بەرامبــەر بــە رۆکێتـی هاربۆنـی ئەمەریکیـن و لـە جەنگـی دەریـادا لـە دژی کەشـتی بـەکار دێـن. لـە سـاڵی ١٩٩٧ بـەدواوە تێکەڵاوبوونـی چیــن و ئێــران لــە بــواری ســەربازیدا زۆر بــە چــڕی پێشــکەوت. چیــن ١٥ ســەکۆی پێشــکەوتووی بــۆ هەڵدانــی رۆکێـت بـە ئێـران فرۆشـت، هەروەهـا هـاوکاری ئێـران بـوو بـۆ پێشخسـتن و دروسـتکردنی رۆکێتـی پێشـکەوتوو. زۆربەی رۆکێتـە ئێرانیەکانـی وەکـو نـور، کەوسـەر، رەعـد، نەصـر، قادر، ظفـر، تنـدر٦٩، نازعـات٦، زلـزال ١،٢،٣، خەلیـج... هەمـوو ئـەم جۆرانــە تەنهــا نوســخەی ئێرانــی بــوون لــە هەمــان رۆکێتــە چینییــەکان. هەروەهــا لــە بــواری تونێــل و بەربەســت و کەناڵــی ژێرزەوییــدا چیــن تەکنەلۆژیــای خــۆی بــە ئێــران فرۆشــتووە، جگــە لــە بــواری ئەتۆمــی کــە چیــن رۆڵــی سـەرەکی دیـوە لـە پێشـکەوتنی ئێـران.

## بەرنامەی هاوکاری ئێران و چین

بەنـاوی هاوبەشـی سـتراتیژی گشـتگیر لـە نێـوان چیـن و ئێرانـدا نـاوی بـراوە. ڕێکەوتنێکـی هـاوکاری بازرگانـی و سـتراتیژییە کـە ماوەکـەی ٢٥ سـاڵە. لـە ڕۆژی ٢٧ی مارسـی ٢٠٢١ لـە ئیـران لـە لایـەن وەزیرانـی دەرەوەی ئێـران و چیـن مۆرکـرا بەبـێ ئـەوەی کـە وردەکارییەکانـی ئاشـکرا بکرێـت. بـە گوێـرەی ڕێکەوتنەکـە چیـن ٤٠٠ ملیـار دۆلار وەبەرهێنـان لـە ئیـران دەکات بەرامبـەر بـەوەی کـە ئێـران بـەردەوام نەوت بـە نرخـی زۆر گونجـاو بـە چیـن بـدات. بـە گوێـرەی ئیـران ئـەم ڕێکەوتنـە بـۆ ئەوەیـە کـە ئێـران بڕواتـە نێـو پـرۆژەی (پشـتوین و ڕێـگا)ی چیـن. وەزیـری دەرەوەی ئێـران محەمەد جـواد زەریـف ڕەتـی کـردەوە کـە ڕێکەوتنـی سـتراتیژی ٢٥ سـاڵە لـە نێـوان هـەردوولادا هەبێـت. هەروەهـا گوتـی هیـچ ڕێکەوتنێـک لـە گۆڕێـدا نیـە تـا بەنـد و بڕگـەی هەبێـت و ئەمـە تەنهـا بیرۆکەیەکـە ئێـران دەریبڕیـووە. هەروەهـا گوتـی یـەک مەتـری چوارگۆشـە لـە زەوی خۆمـان نادەیـن بـە چیـن. ئـەوەی کـە هەیـە تەنهـا ئەوەیـە کـە چیـن ٢٨٠-٤٠٠ ملیـار دۆلار وەبەرهێنـان لـە ئیرانـدا دەکات لـە کەرتەکانـی نـەوت و گاز و پترۆکیمیـاوی. نەخشـەی هـاوکاری نێـوان هـەردوو

وڵات لـە لایـەن سـەرۆکی چینـەوە داڕێـژرا کاتێـک لـە ساڵی ٢٠١٤ سـەردانی ئێرانـی کـرد. سـەرۆکی ئێـران حەسـەن رۆحانی لــە رۆژی ٢٣ی مایســی ٢٠٢٠ ئیمــزای رەشنوســی کۆتایــی رێکەوتنەکــەی کـرد و فەرمانــی بـە وەزارەی دەرەوە کـرد کـە کاروبـاری دانوسـتانی نێـوان هـەردوولا تـەواو بکـەن*.

هەرچەنــدە ئێــران و چیــن ئــەم رێکەوتنــە ســتراتیژییە دەشـارنەوە و زۆر باسـی ناکـەن، بـەڵام هەنـدێ سـەرچاوەی ئـاگادار ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکـەن کـە ئێـران وەک دیفاکتـۆ ناچـارە خـۆی بخاتـە نێـو جەمسـەرگیری چیـن و روسـیا، بەتایبـەت کـە بارودۆخـی ئابـوری و ناوخۆیی و سیاسـی ئێران لـە هەمـوو کات خراپتـرە. بـە گوێـرەی هەنـدێ سـەرچاوە ئـەو رێکەوتنـە ئـەم خاڵانـە لەخـۆ دەگرێـت:

**یەکـەم-** ئێران ئیمتیازی زۆر گـەورە لـە بوارەکانی نـەوت

* رۆژی ١٠ی مارتــی ٢٠٢٣ بــە میانگیــری چیــن، هــەردوو دەوڵەتــی ئێــران و ســعودیە لــە پەکیــن رێکەوتنێکیــان بــۆ ئاســایی کردنــەوەی پەیوەندییەکانــی نێوانیــان مۆرکــرد. سەرپەرشــتی کردنــی چیــن بــۆ ئــەو گفتوگۆیانــە و میوانداریکردنــی گفتوگۆکانــی هــەردوولا لــە پەکیــن ئــەوە دەســەلمێنێت کــە چیــن لەمــەودوا رۆڵیکــی کاریگــەر و گرنگــی دەبێــت لــە پارســەنگی هێــزی نێــوان لایەنــە ناکۆکەکانــی خۆرهەڵاتــی ناوەڕاســت.

و گازی سروشــتی بــە چیــن دەبەخشــێت، لەوانــەش داشــکاندنی زۆر گــەورەی نرخــەکان و پێدانــی بــڕە پارەکانــی ئێــران بــە قیســتی دوای دووســاڵ.

**دووەم-** بەشــدارییپێکردنی چیــن لــە هەمــوو پــرۆژە پترۆکیمیاویەکانــی ناوخــۆی ئێــران.

**ســێیەم-** دورگــەی کیــش بــە موڵکــی بفرۆشــرێت بــە چیــن، ئەمــەش وادەکات کــە چیــن لــە نــاو کەنــداوی فــارس جوگرافیایەکــی گرنــگ بــۆ خــۆی بکاتــە پێگــە.

**چــوارەم-** رێکەوتنەکــە رێــگا بــە چیــن دەدات کــە پێنــج هــەزار ئەندامــی هێــزە ئەمنیەکانــی خــۆی بــۆ پاراســتنی پرۆژەکانــی بهێنێتــە نــاو خاکــی ئێــران.

**پێنجــەم-** هەندێــک لــە دامــەزراوە ســەربازیەکانی چیــن لەنــاو بەندەرەکانــی ئێــران جێگیــر بکرێــت.

ئەگــەر ئــەم رێکەوتنــە بخرێتــە بــواری جێبەجێکــردن، ئەوا چیــن دەســتی دەگات بــە ســەرچاوەیەکی گرنــگ و ئەمینــی وزەی بــەردەوام و وێــرای ئــەوەش پێگەیەکــی ســتراتیژی گرنــگ لــە کەنــداو بــۆ خــۆی مسـۆگەر دەکات. لەبەرامبەریشــدا ئێــران بــۆ هەمیشــەیی لــە گرفتــی دەستخســتنی دراوی قورس رزگاری دەبێــت و ئابلوقەکانــی ئەمەریــکا بــێ ئــەرزش دەکات. ئێــران بەهــۆی ئــەم رێکەوتنــەوە ســاڵانە ٢٨٠ ملیــار دۆلار لــە کەرتــی وزە و ١٢٠ ملیاریــش لــە کەرتــی پیشەســازی و

گواســتنەوە بەدەســت دەخــات. وێــرای هەمــوو ئەمانــەش سیســتەمی سیاســی ئێــران تۆکمەتــر دەبێــت و لــە رووی هەرێمایەتــی و جیهانیشــەوە پێگــەی ســەربازی و ئابــوری و سیاســی پتەوتــری دەبێــت. ئەگــەر رێکەوتنەکــە، بــواری بۆشــایی ئاســمان لــە خــۆی بگرێــت ئــەوە تەکنەلۆژیــای ئێرانی هەنــگاوی زۆر خێراتــر لــە جــاران دەبڕێــت. وێــرای گرفــت و ئاســتەنگە زۆرەکان، پێدەچێــت هاوپەیمانــی نێــوان ئێــران و چیــن لــە داهاتــوودا شــتێکی حەتمــی و ناچــاری بێــت بــۆ هــەردوو لا.

# چین و پرسی ئیگۆر

ئـەوەی لەهەمـوو شـت زیاتـر چیـن لـە پرسـی ناوخۆیـدا بێـزار دەکات مەسـەلەی موسـڵمانە ئیگۆڕەکانـە. ئیگـۆڕەکان یەکێکــن لــەو ٥٦ ڕەگــەزو پێکهاتانــەی ناوخــۆی چیــن. ئیگـۆڕەکان لـە ناوچـەی تورکسـتانی ڕۆهـەڵات جێگیـر بـوون، کـە هەرێمـی (شـینگ یانگ)یشـی پێدەگوترێـت و زۆربـەی هــەرە زۆریــان موســڵمانن. ئیگــۆڕەکان لــە ڕابــووردوودا، یەکگرتــوو بــوون، لــە ســاڵی ٧٤٤ی زاینیــدا، خاوەنــی شانشــینی خۆیــان بــوون، دوای ڕوخانــی شانشــینەکەیان بەشـێکی زۆریـان بـەرەو هەرێمـی شـینگ یانگـی ڕۆژهـەڵات کۆچیـان کـرد.

تورکیــا و تورکــەکان بەدرێژایــی مێــژوو پشــتوانی ئیگـۆڕەکان بـوون. لـە یاخـی بوونـی یەعقـوب بـاغ، سـاڵی ١٨٦٤-١٨٧٦ لــە دژی مانشــۆ چینــەکان، موســڵمانەکانی ئیگــور لــە لایــەن عوســمانیەکانەوە پشــتوانیان دەکــرا. سـولتانی عوسـمانی تەنهـا چـەک و تفاقـی نەدانـێ بەڵکـو ڕاوێـژکاری سـەربازی بـۆ ڕەوانەکـردن بـۆ ئـەوەی بتوانـن لـە شـاری کاشـغار ویلایەتـی ئیسـلامی خۆیـان دروسـت بکـەن و نازنـاوی ئەمیـری بەخشـی بـە یەعقـوب بـاغ.

ئیگـۆڕەکان هەمیشـە لـە هەوڵـی ئەوەدابـوون کـە دەولەتێکـی ئیسـلامی دروسـت بکـەن بـەڵام جـار لـە دوای جـار لـە لایـەن چینـەوە سـەرکوتکراون. لەسـەردەمی ماوتسـیتۆنگ و دەسـەڵاتی حزبـی شـیوعی، نزیکـەی یـەک ملیـۆن موسـڵمانی چینـی کـوژران و هەرێمەکـە بـە تـەواوی خرایـە سـەرچین و دوا هەوڵـی ئـەوان لـە لایـەن پارتـی کۆمۆنسـتی چینـەوە لـە سـالی ١٩٤٩ لەناوبـرا. پرۆسـەی کۆچپێکردنـی دانیشـتوانی هەرێمەکـە بـۆ ناوچەکانـی دیکەی چیـن دەسـتپێکرد.

لـەدوای سـەرهەڵدانی بزوتنـەوە توندڕەوەکانـی ئیسـلامی سیاسـی، حکومەتـی چیـن، لـە ڕێـگای چەندیـن بڕگـەی هەموارکـراوی دژ بـە تیـرۆر سـنوری چاودێریەکانـی لەسـەر ئیگـۆرەکان تونـد کـردەوە. لـە مانگـی سـێپتێمبەری ٢٠١٤ بـۆ یەکەمجـار وەزارەتـی بەرگـری عێـراق دەسـتگیرکردنی یەکـەم هاولاتـی چینـی ڕاگەیانـد کـە لـە ریزەکانـی داعشـدا بـوو. ئەم ڕووداوە بـە تونـدی حکومەتـی چینـی هەژانـد، چونکـە یەکەم بەڵگـەی سـەلمێندراوی پێشـکەش کـرد لەمـەڕ پەیوەسـت بوونـی تیـرۆری ناوخـۆی چیـن بـە تـۆڕە نێودەوڵەتیەکانـی تیـرۆرو داعشـەوە.

ئـەم ڕاسـتیانە بوونـە هـۆکاری ئـەوەی کـە حکومەتـی چیـن ڕاسـتەوخۆ بێتـە نێـو پرسـی ململانـێ لەهەریەکـە

لـــە ســـوریا و عێـــراق. حکومەتـــی چیـــن لـــە چوارچێـــوەی هەوڵەکانیـدا بـۆ ئاشـتی، بـە فەرمـی نوێنەرانـی هەریەکـە لـە حکومەتـــی ســـوریا و ئۆپۆزیســـیۆنی بانگهێشـــتی وڵاتەکـــەی خــۆی کــرد. ئــەم هەنــگاوەی چیــن بــە شــێوازی چینــەکان خۆیـان بـوو، واتــە هەرگیـز نەبـوون بـە لایەنێکـی جەنـگ و تەنهـا بەشـێوەیەکی سـەرەکی (ناراسـتەوخۆ) لەچوارچێـوەی پاراســتنی بەرژەوەنــدی و ئاسایشــی نەتەوەیــی وڵاتیــان، گەمــەی خۆیــان دەکــرد.

# چین و تالیبان

لــە ســەرەتاکانی ســەدەی بیســتویەکەمدا، بــۆ حکومەتــی چیــن ئاشــکرا بــوو، کــە ژمارەیــەک لــە ئیگــۆرەکان پەیوەندیــان کــردووە بــە بزوتنــەوەی تالیبــان لــە ئەفگانســتان و پاکســتان، هەروەهــا ژمارەیەکیشــیان بــە بزوتنــەوەی ئیســلامی ئوزبەکســتان. حکومەتــی چیــن کــە پەیوەندییەکــی پتــەوی لەگــەڵ پاکســتان هەبــوو، هەوڵیــدا حکومەتــی پاکســتان هانبــدات بــۆ ئــەوەی میانگیری لــە نێــوان بزوتنــەوەی تالیبان و ئەفگانســتان بــکات. بێگومــان ئــەم کارەی چیــن لــە پێنــاوی ئــەوەدا نەبــوو کــە چیــن خوازیــاری ئاشــتی بێــت لەنێــوان ئــەو دوو لایەنــە، بەڵکــو لــە پێنــاوی ئــەوەدا بــوو کــە توندو تیــژی و تونــد ڕەوی ئایینــی پــەل نەهاوێژێــت بــۆ هەرێمــی شــینگ یانــگ. ســاڵی ٢٠١٥ چیــن میوانــداری یەکێــک لــە دانیشــتنەکانی ئاشــتی کــرد لــە نێــوان تالیبــان و حکومەتــی ئەفگانســتان.

# کرۆنا و چین

راپۆرتێکی نهێنی دەزگاری ئاسایشی نەتەوەیی چین ئاماژە بۆ ئەوە دەکات لە دوای بڵاوبوونەوەی پەتای کرۆنا شەپۆلێکی دوژمنایەتی زۆر بەهێز لەدژی چین ئاراستە دەکرێت، کە رەنگە ببێتە هۆکاری جەنگی سارد یاخود رەنگە لە داهاتووشدا بەرەو جەنگی راستەقینەی خوێناوی بڕوات. راپۆرتە لە سەرەتای مانگی ئاپرلی ٢٠٢٠ لە چین بڵاوکراوەتەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هەستی رقبوونەوە لە چین لە جیهاندا هێندە بەرزبۆتەوە کە گەشتۆتە بەرزترین ئاست لەدوای شاڵاوەکانی گۆڕەپانی تیانانمین لە ساڵی ١٩٨٩ راپۆرتە داوای ئامادەسازی چین دەکات بۆ رووبەڕووبوونەوەی سەربازی لەگەڵ دوو هێزی نێونەتەوەیی لە خراپترین حاڵەتدا. دەسەڵاتدارانی چین لەو باوەڕەدان کە ئەمەریکا لە هەموو کات زیاتر سورە لەسەر دژایەتی چین و ئەمەریکا لەو باوەڕەدایە گەشەسەندنی چین هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا و ئالنگارییە بۆ سیستەمە دیموکراتەکانی خۆرئاوا.

هەرچەندە چین ناتوانێت لەسەر ئاستی جیهان رووبەڕووی ئەمەریکا بێتەوە بەڵام لە چواردەورەکەی

خۆیــدا بــووە بــە هێزێکــی تــەواو باوەڕپێکــراو. زۆربــەی توێژینــەوە ئەمنــی و ســەربازیەکانی دنیــا جەخــت لەســەر ئــەوە دەکەنــەوە کــە توانــای ســەربازی ئەمەریــکا لــە کیشــوەری ئاســیا پاشەکشــەی کــردووە و لەمــەودوا لــە پێگەیەکــی ئەوتــۆدا نیــە بتوانــێ رووبــەڕووی چیــن بێتــەوە، توێژینــەوەکان لــەو بــاوەڕەدان کــە چیــن دەتوانێــت هەمــوو هێزەکانــی ئەمەریــکا لــە ئاســیا لــە مــاوەی چەنــد ســەعاتێکی کەمــدا لەناوبەرێــت.